# گیرفان


وەرزە گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتیی سەربەخۆیە

کۆمەڵێك روناکبیر لەگەرمیان دەریدەکەن

ژمارە (١٩ ) سەرەتای ساڵی ٢٠١١



**خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر**

مەلا تەحسین گەرمیانی

ژ. مۆبایل ( ٠٧٧٠١٥٧٥٤٩٢ )

malatahsen@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر**

خەڵەف غەفور

٠٧٧٠٢٤٧٤٤١٥

Xalafgafur@hotmail.com

**بەرێوەبەری نووسین**

د. ئومێد بەرزان برزۆ

ژ. مۆبایل ( ٠٧٧٠١٩٠٩٢٢٢ )

**دەستەی نووسەران**

پەخشان محەمەد    سامان کەریم

گیرفان لەئینتەرنێتدا :

www.dengekan.com

ستافی وەرگێڕان

عومەر عەبدولکەریم قادر

نوێنەری گۆڤاری "گیرفان"

لەئەوروپا:

گەشبیر ئەحمەد

E-mail:

govarigirfan@yahoo.com

ناونیشان:

کەلار - کتێبخانەی بێدار

دیزاینی بەرگ :

ئارام لوقمان

چاپخانەی رەهەند


## پێڕست:


ئەدەبی نوێ و سنووری بیر..

د.فاروق نەقشبەندی ٥

مەملەکەتی (وەکاشە) لەکۆمەڵە شیعری سووتانی تەها سلێمان دا

صالح هەلاج ٢٠

لەئەدەبی کوردیی دا چەند شاعیرمان هەیە بەناوی خاڵص و موخلیص

کاروان عوسمان عەلی ٢٩

کرداری بکەر نادیار لەشێوەزاری خانەقیندا

د. ئومێد بەرزان برزۆ ٣٦

ئافرەت و پرۆژە بوون

بەناز عومەر ٤٥

ببە بەگەورەی کاتی خۆت

وەرگێڕانی ئاسۆ وەهاب ٤٨

ئەو منداڵانەی بوونەتە قوربانی هەڵەکانی دایك و باوك

پەیام عەبدوڵڵا ٥٥

نهێنییەکانی تەوقەکردنی مرۆڤ

ئامادەکردنی عومەر عەبدلکەریم ٥٩

زەردەشت: پێغەمبەری کوردو نهێنی سێ وتەی بەنرخەکەی

بەختیار مام حەمید ٦٤

فایق و سەتەلایت

مەلا تەحسین گەرمیانی ٧٤

کۆنترین قەزای عێراق بەرەو چۆڵبوون دەرچێت

راپۆرت: سامان کەریم ٧٧

چنار: بەهۆی عەشقەوە دەتوانم لەهونەر بەردەوام بم

ئامادەکردنی: گەشبیر ئەحمەد ٨٢

# ئەدەبی نوێ و سنوری بیر

د.فاروق نەقشبەندی
سەرۆکی بەشی زمانی کوردی
کۆلیجی پەروەردەی /کەلار



هەر لەگەڵ دەرگا کردنەوە لەسەر مەزاری جوانی ئەدەب رووی هەر ڕەگەزێکیان پێشوازیت لێبکەن چ چیرۆك یان پەخشان یان شیعر یان ڕۆمان یاخود نامەیەکی کورتی ئاستی پەیوەندی نێوان دوو مرۆڤیش بێت یاخود پەرداخی خەمی سەردەمێك بێت لە یادەوەری شیرین یان ژەکی تاڵی نێو گوڵە ژاڵەیەکی دەم و لێو پڕ لە سوراوی هەمیشەیی دژی دوژمن ، تەنها ڕەگەزی هاوبەشی ئەم ژانەرانە کە بێ ئەو بوون نابێ و نەبووە "بیرە" هەر ئەم بیرەش حاڵ ئەخاتە کەللەی مرۆڤ و بەرەو سێدارەی دەبات . هەمان بیرە



لادیك لە هەر ڕەگەزێ بێت لە بواری شەیدایی باغە سێوێ جوتێ لیمۆی جوان چەرخی عەقڵ لە چەمەر دەگێڕێت . هەر ئەم بیرەش دوژمنە بادك کوشتەکان لە یەك خوێندنەوە و ڕێزی بوونی تەبایی چاك بەندیوان فرە بیرەکان وەك دەسکە گوڵی فرە ڕەنگ بە دەسك گیراوە و پێشکەشی مێژووی سەختی مرۆڤایەتی دەکات .

**کە من هات و لە پێناوی**
**شەوانی دیل و خەمناکیم**
**کۆت بشکێنم**
**درکی سەختی**
**ڕێگای بەختم**
**بە هیوای هەستی ڕزگاریم**
**لە ڕیشەدا دەربهێنم (١)**

دەبێت چ بەرنامە گیرییەك کرابێت و چەند پێش وەخت فرمێسکی گەرم هەڵڕژرابێت ؟ دەبێت چەند بەرەو کەوتنی کۆستی گەورە هەنگاوی هەڵنابێت خاوەنی ئەم هۆنراوە بێت لەوەش سەیر تر لەگەڵ ئەم هەموو ڕووناکی چراوگی بیری پێشکەوتنخوازەدا چەند دیل و بەندی داب و نەریتی تەنها ناوەکەی بەو هەموو شەیدایی بیرەوە لەژێر سێبەری یەك "پیت"دا حەوابێتەوە ؟ لە کوێشدا و لە کەیدا ؟



لە کوردستاندا لە ساڵی ١٩٧٤ دا لە ڕۆژنامەی (بیری نوێ) دا هەر شاعیرە و کەیل و مەستی پەرداخێکی ئەلەستی نێو دەستی مێژووی شیعرە ، بیماری عەقڵمەندی هاوبیری گۆران دەست لەسەر سنگی بەرچاوتێرێکی مێژووی بیری شیعری مناڵانی کوردی بێ پشت و پەنای بیری ڕەندە .

**مناڵانی نیشتیمانم**
**لەسەر چڵی ناو لافاوێك**
**هەڵ تووتاون**
**بۆ تریەی پەلکە ڕەنگینەی**
**دڵی بەهار**
**هەمووی گوێن مەموی چاون**
**سەر سوڕماون (٢)**

هەندێ جاریش شاعیر ئەسپی کەحیلەی بیری شۆڕشگێڕی سەر بە بەرنامەیەك تێکەڵاو گوڵی بۆن خۆشی ئەڤینێکی هۆشمەندانە کردووە و بە هاوبیری جۆرە هەواڵ و تەڵێ لە ڕاستگۆ دەبنە تابلۆی هۆنراوەیی و وا دەکەن هەنگاوێ بەرەو نەمری ببڕێت .

**چرا و پرد**
**خۆشەویستم**
**دڵم ، لەشم ، خوێن و هەستم**



**وێنەی تۆیان لە ناوایە**
**نەیار ، نۆکەر، ئاغا ، زۆردار**
**درکی چقڵی سەختی تۆیان**
**لە چاوایە .**

شاعیر خود و باوەڕی ڕامیاری و خەبات لە پێناوی گۆڕانکارییدا لەگەڵ نەیارانی بەرەی دوژمن لەیەك ڕوونبێژی یەك تابلۆی لێ دروستکردوون بە ئافرەتەکەی هاوڕێی بیری ڕاگەیاندووە کە ئەو بت نییە ، بەڵکو پێشمەرگەی هاوسەنگەری خەباتیەتی .

**خۆشەویستم**
**کاروان بە لوورەی گورگ**
**ناوەستێنرێت**
**تیشکی هەتاو**
**زەبری هەنگاو**
**پرشنگی چاو**
**بە کینە و ڕق نابەزێنرێت ! (٣)**

لەڕووی ڕووبەڕووبوونەوەی ئازاری سەختیشدا شاعیر هەر لەژێر سایەی بیردا پەژموردەیی خۆی دەردەبڕێت و هاوارە سەختەکانی تەم بە پانتایی دڵی پڕ لە سۆزی دەگرێ و وا خۆی پیشان دەدات کە ئەم بیرە هۆنراوەییە خودە ، بەڵام لە ڕاستیدا وشەکانی فرمێسکی

بیرە لە چاوی وشەوە هەڵدەهێنجرێت .

**زامی دڵدارێکی تینوو**
**ئەو هۆنراوەی کە دوێنێ من بۆ تۆم ئەوت**
**ئەو دیارییانەی لە پێشانگای بیرەوەرییتا بەجێماون**
**ئەو ئەستێرەی هەردووکمانی بەیەکەوە بەستبۆوە**
**ئەو ئێوارەی لەژوور سەری دێیەکەمان**
**کە ژوانی بۆ دروست کردین**
**هەمووی سوتان**
**هەمووی بوونە خۆڵەمێشی کۆڵانەکان**
**وێنەکانت لە باخەڵما لەبەر ژانی ئاوارەییت**
**وەکو بەفر توانەوە (٤)**

ڕەهەندی دەروونی و بیری نوێ لە گفتوگۆی زمانی ئەدەبدا بەگوێرەی بەرنامەی بیری شاعیر کوڵی خەمی تاکی بیر و کێشەی گەلێ لە ئامێز دەگرێ ، بەڵام ڕەگە هەندێ جار (جەفەنگ) ڕەمز چاوبڕکێ بە پێگە شیعرەکان بکات .

**(وەك قومێك ئاو کەنارەکان ئەخۆمەوە )**
**هەموو شەوێ**
**کاتێ خەو بزماری ئەژنۆی**
**لە قەراخی پێڵوەکانما ئەچەقێنێ**
**بێ ئاگاییم هەڵم ئەگرێ**



**بەسەر دوورگەی تەنیاییما ئەمبارێنێ**
**چاوەڕوانم**
**دەستەکانی بخاتە ناو دەستەکانی وێڵم**
**لە کوێرەوەری بەهەشتێکی دووردا**
**نیگایە بۆ چاوی لێڵم .**

شەو لە ژیان هەر مرۆڤە وەك کەشتی ڕزگارکەر لە خەمەکانی ڕۆژی ماندویی بیر بەرەو کەنارێ سەوڵ لێدەدات ، سەوڵی ئەم شاعیرە جۆرێکە لە ڕەشبینی کە هاوبیرەکەی لەگەڵ نەخشەی ویستی ئەم نییە لەوەدەچێت هەموو کاتەکەی تەوزیعی ئەو کردبێت و ئەویش خەم سارد بێت .

**ئەوەتانێ لە چاوەڕوانی هاتنتا**
**بە سەوڵی گڕ**
**لەسەر ڕووخساری ڕووبارە لاسارەکان**
**تابلۆکەت ئەکێشم ، ئەیکەم بە دروشمێکی خوێناوی**
**بە شەقامی مردنا هەڵی ئەواسم**
**بەڵام لەپڕ شەپۆلەکان قوتی ئەدەن**
**وەك قومێك ئاو کەنارەکان ئەیخۆنەوە . (٥)**

بیری نوێخوازی هۆنراوەی ژێر سایەی ئەدەبی کوردی وەك و مێژوو



دەبڕێتەوە (شێخ نوری شێخ سالح) پابەندبوونیان بە بیری گروپی (توفیق فیکرەت) فەرهەنگی ئەدەبی تورکی عوسمانی نوێخواز . هەندێکیش (حاجی قادری کۆیی) دەخەنە ئەو لوتکانەوە پرشنگدار بوبێتن بۆ ئەم لاپەڕە زێڕیانە . لاوەکانیش لە نوێخوازی و داکۆکیکردن لە بیری چەوسانەوەی هەژاران و پشگیری لە مافەکانیان .

**هەژارەکان لەگەڵتانم**
**هەژارەکان ئەی ئەوانەی**
**باڵندەی هیواتان ئەفڕێ**
**بۆ ئاسمانی جیهانی نوێ**
**ئەی ئەوانەی دوێنێ و ئەمڕۆ**
**لە ناو کێشەی سەختی ژینمدا**
**بۆ نەمانی چەوسانەوە بوونە پشکۆ**
**لەگەڵتانم لە کەوتندا**
**لە برسێتی و لە مردندا . (٦)**

لە مێژووی کۆن و نوێی کوردیدا (نامەنوسی) جۆرێکە لە دەق و هەموو مەرجەکانی دەقی تێدا بەدیدەکرێت لە حەفتاکاندا لاوێکی خوێن گەرم بەرنامە بیرییەکەی خزاندۆتە ناو هۆنراوەیەکی (شۆسیال دیموکرات) لەژێر ناونیشانی :



**نامەیەکی سور**
**وشەیەك بووم**
**لە دەروونی ئاسۆی گەشا**
**لەدایك بووم ...**
**بە باوەڕی شۆڕشگێڕی**
**بەرەو کۆڕی خەبات هاتووم**
**لە قۆناغی ئەم ڕێگایە**
**بەدەستی دوژمنی چەپەڵ دەروون ڕەشا**
**من هەزار جار سەر بڕاوم**
**بە تیشکی زەردی هەتاوا هەڵواسراوم**
**بۆیە ماوم من باوەڕێکی چەسپاوم (٧)**

سیمبۆلیزم لە نێوەندی ڕێبازە ئەدەبییەکاندا دەسەڵاتی ڕەهای فەرهەنگی شیعری شاعیر نیشان دەدات لای کەم ئەم لاوە ٢٣ساڵ لەمەوبەر تونیویەتی بەرنامەکە لە ڕۆژانی سەختی خەبات لە دەڤەری قەراتی هەولێردا بکاتە هۆنراوە . مایەی دەستخۆشییە و ئەگەر بەردەوام لەم کارەیدا بوبێت ئەوا خاوەن شیعر هەنگاوی چاك هەڵدەنێت لە بەرەوپێشچووندا .

یادەوەری و بەسەرکردنەوەی نەمران لە هەموو سەردەمێکدا ئەرکی سەرشانی تاکە ڕۆشنبیرە پێشکەوتوو خوازەکانە ، چونکە هەر

ئەوانن گرنگی دەدەن بە ڕووداو چ لەسەر ئاستی ژیانی تاکە کەسی و چ لەسەر ئاستی یادی نەمران بێت (بیماری) نوسەر و شاعیر کە یەکێکە لە لە قوتابیانی ڕێبازی هۆنراوەی گۆران دەڵێت :

**یادی گۆران**

**بەر لە حەفتا ساڵ هەڵەبجە**
**کۆرپەیەکی لە باوەش گرت**
**هەنگوینی هونەر بە پەنجە**
**سوسنی ناو دەمی پێ چەش کرد**
**پەری هۆنراوە بە لەنجە**
**گوێزەبانەی بۆ دابەش کرد**
**بەر لە حەفتا ساڵ کوردستان**
**بوو بە بێشکەی پاکی گۆران . (٨)**

هۆنراوەی شێوازی بەرەنگاری لە ئەدەبی کوردیدا ئێجگار کەمە ئەگەر هەشبێت لاسایی کردنەوەی سوسیال و مارکسیزمە یان لە خۆشەویستی (غەسان کەنەفانی و مەحمود دەروێشە)

**برای مرۆڤ منی ماندوو**
**منی برسی منی تینوو**
**بەرەو هیوا کەوتوومە ڕێ**
**نامەی چاو کاڵێکم واپێ**



**ژیان لای من کۆڵنەدانە**
**نەترسانە تێکۆشانە**

ئەم دیدە سۆسیال دیموکراتە زووە کە بیری مرۆڤ خوێندنەوەیە هاوسەنی رەوشتی جوانە ـ بەرنامەکاری خەبات و تێکۆشانە و بەرزڕاگرتنی گوزارەی (فیمینیزمە) سوتانی نامەی سیاسەتمەدارانی مل هوڕانی ستەمکارانە .

**ژیانی من تورە بوونە**
**بەگژ ئێش و ژانا چوونە**
**چۆن بە گژ چەقۆدا ئەچم**
**ئاواش یەخەی مەرگ ئەگرم**
**تا بورکانێ لەسەر زەمینی**
**ئەکەمەوە ئاسۆ بۆ ژین (٩)**

ڕەهەندی دەروونی لە بەرنامەی مارکسیزمدا نەڕووخانە ، گەشبینی مەودای خەباتە ، چەشە وەگرتنە لە بەرەنگاربوونەوەی بەرامبەر ئاگر و ئاسنی دوژمن ـ با سەیری قۆناغەکانی هەڵچوونی ئەم هۆنراوەیە بکەین (تورەبون ، بەگژاچوون ، ژان ، یەخەی مەرگ گرتن ، بورکان و تەقینەوە) ئەم گوزارانە بەرامبەر چینی :
"بەخۆداچوونەوەی خود ، بەرنامەڕێژی شۆڕشگێڕی ، هەڵوێستی شۆڕش کردن ،بەرەو پێشەوە هەنگاونان ، بەردەوامی خەبات و



گەیشتن بە ئامانج "

لە مەڵبەندی نەرامسینەوە شێخێکی پێشکەوتووخوازی لە باوەشی زەردیاوادا گەورەبوو کفت و کوڵی دڵی بە هۆنراوەیەك دامرکاندۆتەوە بانگهێشتی ئەوە دەکات کە چەند هەناسە درێژ بووە لەگەڵ کۆڵی قورسی بیر و باوەڕ هەڵگرتنی لەنێو دەریایەك لە خەم و پەژارە و نامۆیی هەتاوەکو گەیشتۆتە ئەوەی کە مژدەی هەڵهاتنی شاشکراکردنی شەفەقی باوەڕی پێیە .

**ماڵی نوێ**

**بەڕێگای خەمی دنیای ئازارا**
**بەناو شالأوی زەبەنگی شارا**
**بە وەرزەکانی ڕێی بێ بەهارا**
**بە خوێنی گەشی گەرووی دەمارا**
**هاتین و هاتین ڕێمان بەرنەدا**
**ڕەنگی بەزینمان لە گوزەر نەدا**
**لە برینمانا خوێن هەر کوڵ ئەدا**
**موتوربەی ئاوات لە سەد چڵ ئەدا**
**ئەو کەسەی ئەمڕۆ دڵ لەدڵ ئەدا**
**سبەینێ شاباش لە ڕووی گوڵ ئەدا**
**ئەی چاوی ژیان چیت لە ناوایە**
**شاییمان خۆشە ماڵمان ئاوایە (١٠)**



زۆرجار شاعیر گفتوگۆیەکی وەها لەسەرچاوەی بیریدا سەرهەڵدەدات کە دەکرێ ناوی کودەتایەکی لێبنرێت مەرجیش نییە هۆنراوەکە هێندە دوور و درێژ بێت کە داستانێکی مێژوویی پێ بگێڕدرێتەوە بۆیە ئێمەی کورد دەبێت شانازی بەم جۆرە توانای داهێنانەوە بکەین سوپاس گوزاری ئەو مێژووی ئەدەبی کوردی پڕ شانازییە بین کە ئەم چرۆ جوانانەی کردۆتەوە :

**ئەزانن ؟!**

**ئەزانن من کێم خۆشەوێ**
**پیر و گەنج و هەرزە و منداڵ**
**دایك و باوك و فرزەند و خاڵ**
**ڕەش و سپی و سور و زەردباو**
**هەموو نەتەوە و هۆزەکان**
**هەموو گلۆپی جادەکان**
**هەموو شار و دێهاتەکان**
**هەموو هەموو ئادەمیزاد**
**ئاشتی و نان و ژینی ئازار (١١)**

**دڵداری نوێخوازیش بەدیار گوڵی سورەوە سەودا سەرە ، دڵێکی پڕ لە مەراق سوتاندنێکی بەردەوامی لە پێناوی جوتیار و پاڵە و هەژاراندا**

و داكۆكیكردن لە پێناوی هەژارانی دەڤەرەكەی تەرخان كردبوو بە تایبەت كە تازە ببووە ئەندامی حزبی (التحرر الوطني) بۆیە پەنای بردۆتە بەر گوڵێكی سور كە چەند ڕەنگی سورئاكامی هۆنراوەیەكی هێندە مێژوویی هەواڵی شیعر و حەزێكی سەخت و ئاوارەبوونی دڵی :

گوڵی سور

گوڵی سور ئەی كچی نەوروز ئەرێ كام دەست لە باغی ژین
لەبۆ یەك دەفعە بۆن كردن بە ئاكامی ئەتۆی هێنا
ئەوێستاكەش ... بە ژاكاوی
وەها بێ قەدر و تۆراوی
لەسەر ڕێگا فرێی داوی
منیش ئەی گوڵ دڵێكم بوو
دڵێكی پڕ لە ئارەزوو
بە سۆزی حەزی ئارەزوو
بە سۆزی حەزی ئاوی تینوو
لەناكاو لام فرێبووی لای كچێكی دولبەر و شیرین
ئەویش ڕیشەی لەدەست گرتوو بەبێ ڕەحمی لەژێر پێی نا
بە گریاوی و برینداری
بەرەو زەردی و غەمخواری
بەبێ ئومێد لە دڵداری



گەڕاوە سینەكەی تارم
ئەوێستاش ئەی گوڵی غەمگین
لە تەنهایی سەرینت بێ (١٢)

ئەبێ ئازاری نێوان عاشقان چەند ژیان هەڵبگرێ سەختە دابڕان چەند گرێدانی گرێكوێرەی ناوەندی ژیانێكی پابەندی چەند سابەختە ، بۆیە لێرەوە لە گەرمیانەوە

مامۆستای هەلاج :

بەدوای جەستەی دزراومدا
لەبەر دەرگای ماڵەكانیان
دەستی سواڵیم بۆ سۆراختان دەكەمەوە
هاتووم لەناو زامەكانما
حیكایەتی فرۆشراوم
لە ئەفسانەی ئەم هەرێمە هەڕاج كراوە
بومەلەرزەی بیرچونەوە و گومڕاییتان بلەرزێنم (١٣)

پەراوێزەكان:

(١)ڕۆژنامەی (بیری نوێ) ژمارە (٨٦) ٩-٣-١٩٧٤ ل٥

(٢) ڕۆژنامەی بیری نوێ ، ژمارە ٩٧ لە ٢٦/٥/١٩٧٤ لـــە عەبول ڕەزاق بیمار



(٣) ڕۆژنامەی بیری نوێ ، ژمارە ١٠٠ لە ١٦/٦/١٩٧٤ لـە موكەڕەم تاڵەبانی

(٤) ڕۆژنامەی بیری نوێ ، ژمارە ١٠١ لە ٢٣/٦/١٩٧٤ لــە نازم دڵبەند

(٥)ڕۆژنامەی بیری نوێ ، ژمارە ١٠٩ لە ١٨/٨/١٩٧٤ لــە ڕەفیق سابیر

(٦)ڕۆژنامەی بیری نوێ ، ژمارە ١١٠ لە ٢٥/٨/١٩٧٤ فەرەیدون عەبدول بەرزنجی

(٧)ڕۆژنامەی بیری نوێ ، ژمارە ١١٦ لە ٦/١٠/١٩٧٤ نەوزاد حەسەن ئەحمەد

(٨)ڕۆژنامەی بیری نوێ ، ژمارە ١٢١ لە ١٧/١٠/١٩٧٤ لـە بیمار

(٩)ڕۆژنامەی بیری نوێ ، ژمارە ١٤٨ لە ٢/٦/١٩٧٥ لــە حسین سابیر

(١٠)ڕۆژنامەی بیری نوێ ، ژمارە ٨٣ لە ١٧/٢/١٩٧٤ - حەسیب قەرەداغی

(١١)ڕۆژنامەی بیری نوێ ، ژمارە ١٣٨ لە ٢٣/٣/١٩٧٥ هۆگر گۆران

(١٢)ڕۆژنامەی بیری نوێ ، ژمارە ١٦٧ لە ٢٢/١١/١٩٧٥ دڵدار

(١٣) سالح هەلاج " گەڕان بەدوای خۆمدا ، هۆنراوەی شاعیرە و بە دیاری پێم گەیشتووە .



# مەملەكەتی (وەكاشە) لە كۆمەڵە شیعری (سوتان)ی تەها سلێمان دا

سالح هەلاج




گەر بە هزر و بابەتیانە شیعر شرۆڤە بكەین، دەنگێكی ڕێتم دارە و كێش و ئاوازی سۆزێكە لە ناخی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێ.

ئەو هەست و سۆزانەی پێشتر لە شیعری كوردیدا دەبوونە ئیلهامی شیعری كوردی، لە پۆلێنكرندنی بابەتە شیعریەكاندا وەكو شیعری: دڵداری ، كۆمەلأیەتی ، سروشتی ، ئاینی ، جەفەنگی،

نیشتمانی .. هتد

ئەڵبەتە کارەساتی ئەنفالیش لەم سەردەمەدا بووەتە ناوەڕۆکی شیعری گەلێ شاعیری کورد، شیعری ئەنفالیش لە پۆلێنکردنی ئەوانی تردا پۆلێن بکەین، چونکە ئەو کارەساتە بووەتە بەشێك لە ژان و ئازارە سەختەکانی کۆمەڵی کوردەواری.

شیعر کاروانێکە لەگەڵ قۆناغەکانی سەردەمدا لێکدانەوەی خەم و ژان و خۆشی ناوخۆشیەکانی سەردەم دیاری دەکات، گوتاری شیعری کاریگەری قۆناغ و ساتەکان بەرجەستەی دەکەن، بەڵام کەمیان توانیویانە پەنجە بۆ ژان و ئازارەکانی ئەو کارەساتە درێژ بکەن، گەر شیعر خۆی بۆت نەیەت ناکرێ بەو شیعرەی کاریگەری هەبێت بەسەر خوێنەرو گوێگردا، من خۆم لەو کارەساتەدا ئێش و ئازاری زۆرم چێشتووە، بۆیە ئەو شیعرانەی کاریگەری بە سەرمندا هەبێت ئەو دەقانەیە خۆدی خۆم هەمیشە لە هەستەکانمدا ماخولانیانە، هەمیشە وێنەیەکی دیارو نەبچڕاون لە بەر چاومدا، کەسەکان ، وێنەکان ، دەنگەکان ، دیمەنەکان، بانگم دەکەن لە پشتەوە نایەن هەمیشە بەرو ڕووم دێن، لەم ڕۆژانە کۆ بەرهەمی شیعرەکانی شاعیر (تەها سلێمان) کەوتە بەر دیدەی خوێنەران، من بۆخۆم دەمێکە ئاگاداری شیعرە ئەنفالیەکانی (تەها سلێمان)م چونکە ئەویش یەکێکە لە برینەکانی ئەنفال، کەسایەتیەکی کارئەکتەرێکی بەرکەوتووی ئەو پرۆسە شوومەیە، گەلێك لە کەسە نزیك



هاوڕێکانی منالی ساوەلەوانی هەردەکانی مازوخ و هەڵەتەکانی قەوالی و پیرەمەونی و قەڵاچەرمەڵەو بنەکەو چەم و شەپۆلەکانی ئاوە سپیە، و شەوانی بەر ئاگردانی گوندو ڕۆژانی سەر لوتکەو یالەنی ئەو دەڤەرە، ئێستا وان لە بەر چاوی سۆزو چرپینی گۆرانیەکان لە گوێی دا دەزرنگێنەوە بۆیە لەم دەقانەدا ئەندێشەکانی دەگەڕێنەوە بۆ ئەو ساتە وەختانەی لە بیرو هزریدا مۆلەقەدەدەن، هەموو ساتەکان دەیگرێنن، وابەستەی شاعیر لە فراهەم کردنی چمکێکە هەموو چرکەکان بەرو ئەو ڕۆژگارە و هەواری خالی پەلکێشی دەکەن، دەنگی هاوتەمەنەکانی لە گوێیدا دەزرگێنەوە،

(ئاخر خواردنی بەرکولی ئەم عەسرە چایەمان بە سەلکێ دووان دۆینەی گەنمە قەناریەوە بێئامادەبوونی تۆی ، بێ شمشاڵ ژەنێنیکی بێ مانایە.

ئەو لە زاکیرەیدا ئێستایش بەرکولە چایەکانی بانگی دەکەنەوە، بەلام بێ ژەنینی شمشاڵەکەی نامیق دەبێ چی مانایەك ببەخشێ،

مازووخ ئەو گردەپڕ کارەساتەی لە پاش ئەنفال بۆیەك ساتێك چاوی لەو پانتایە خاکەی گەرمیانی سوتماك نە نوقاندووە، شەو ڕۆژ لە گەڵ سکەبرسی و ڕەنگە هەڵقرچاوەکانی منال و پاکیزە پەلکێش کراوەکان بەرو عەرعەرو نوگرەسەلمان،

مازووخ بە چوار دەوری خۆیدابە گوندو هەردەکانی ئەو دەڤەرەدا چاو دەگێڕێ و فرمێسکیان بۆ دەڕێژێ لە گەڵ شەپۆلی ئاوەسپیدا



ماسیەکان دەبینێ کاك تەها بە زمانی (فەزیلە)وە دەڵێت

محەمەد ئێستاش کەدەچێتە سەر بەرزترین لووتکەی مازووخ و لە ئاوێنەی ڕووباری ئاوەسپیدا تەماشای گوندەکانی گەرمك دەکا.

لام ڕوونە کاك تەها وەکو لوتکەی مازووخ ئەمیش ڕەنگە بەرزتر بڕوانێتە (گەرمك و زینانەو کۆشك و ئاوباریك و بنەکەی خەپەکوێر) دەبینێ لە هەوارێکی خالیدا ژانەکان پەلکێشی دەکەن.

منالە چاوگەشەکەی دوێنێی (قەڵاچەرمەڵە)ی پڕ بەها ڕەنگالەکانی سروشت و ئاکارە جوانەکانی کوردەواری، کە ڕۆژگارێك گوێی لە غوربەت بووە و بانگی فاتیحی کردووە

(دەرگای کۆزەی ساوەکۆرپەکان تەقەت کە)

ئەم ئێستاش ئەودەنگە پڕ لە جوانی و خۆشەویستیە لە گوێیدا دەزرنگێتەوە، ئەمە ژانێکی ڕاستی ئەو کارکتەریە زەمنێکە ئەو دیالۆگانەی لە پێش چاوە و لە ناخیدا هاوارو دادێك دەیخواتەوە و دەیورژێنی.

چی گوزارەیەك لەو دیالۆگانەی سالانێکە ئەم گوێ بیستی (ڕۆلە ئەوان دەیانووت تەنانەت قوورعانەکەی مەلا وەهابیش زەرد هەلگەڕاوەو زەرد دەنووسێ) بێ گومان قوورئان و پەڕەگرافەکانی قووئانەکەی مەلا وەهاب کەدەهاتە حزوری هەر کۆڕو کۆبەنەیەکەوە دەبوایە هەستانایەتە سەر پێ و بە دڵێکی پاك و بێگەردەوە سلاو لە مەلا وەهاب بکرایەو دەستی مەلا ماچ بکرایەو چوونکە قوورانی پێ



هەلگیراوە،

بەلام لای ئەنفالچیەکان تەنها کورد کوژی و مرۆڤکوژی سووتماك کردنی نیشتمانێك، لە پێناو بیری شۆڤێنیزی و خۆفرۆش و بەکرێگیراوی شتێکی تر نەبووە.

من نازانم دەبێت زانست و تەکنۆلۆژیا لە توانایاندا هەبێت ڕۆژێك لە ڕۆژان ئامێرێك درووست بکەن ناخی ڕووخسارەکان دەست نیشان بکات، ئەو ڕەواڵەتیە جیابکاتەوە لە نێوان تالی و شیرینی گلاو لق و پۆپی (ژالە) دیاری بکات و مرۆڤە کارسات بارەکان لە کەسە هەلپەرست و بازرگانەکانی فرمێسك و ئاهو نووزەلەی پاشماوەی ئەنفالکراوەکان لە یەك جیا بکاتەوە.

شمشالە شکاوەکەی سالح با ووردوو خاشیش بکرێ بەلام هێشتا ئازارەکانی نازەنین دەژەنێ، مەڕەکانی لە پەچەی سەر بیرەو گۆلەکانی ئاوای مۆلدەدات، ئێستا مازوخ بەرد بە بەردی (ئەی هاوار تەلەیان برد ) ئەم ئاوازە فۆلکلۆری شمشال ژەنکان هەرکە پەنجەیان شمشالی دەگرد زوو پێی ڕادەهاتن چونکە مێژوو بۆ ئەم خەڵکە کارەساتێکی دانەبڕاوە؟ هەر بۆیە ئەو حیکایەت و بەستەو سۆزانە قۆناغ و سەردەمی بە دوای یەکتردا هاتووە باسی واتاکانی هاوێرکرن و لێك دابڕانی جگەر گۆشەو خۆشەویستان دەکات،

کانی بەیاغار : خەرمانی ڕازو نیازی کەنیشکەکانی قەلاچەرموو پیرەمەونی. لای کاك تەها سلێمان دیسان بۆ تاسەو یادی جاران

بەلاّم کانی بەیاغار هێندە گریابوو فرمێشکی لە چاو قەتیس بووە زمانی لالّ بووە ڕازو نیازەکانی لە گۆڕەبەکۆمەڵەکاندا ئەوانیش

ئەلبەتە کاك تەها جگەلەو کۆمەڵە شیعرە لەناوە ڕۆکیشدا چەندین دەستەواژەی بەکار هێناوە، کە پێناسەی یادگاری سووتماککردنی ئەم نیشتمانە مەرگە ساتەیە وەکو (پەریزاد، نەنەحەلاو، شێرزاد، مەجید، نەنەشەم، مەلا ڕەحمان، حمەجان، کانی فتم، کەڵوزبەیاغار، برایم سەمین، گەوڵڵ عەساف، کانی شاواز، مازووخ، کانی گوڵمژ، باخەسەن، وەکاشە، گەر ئەم ناوانە بێنە زمان و هەریەکەیان سەر گوزشتەی خۆیان بگێڕنەوە۔ هەر یەکەیان سەدان چیرۆك و حیکایەتی سوارچاکی و بزەو چەرپەی خۆشەویستی و نزاو داواکاری لە پیاوچاکان .

ئەڵبەت شاعیرەکان لە ناخیاندا پیرێکی خەم زەدەن، ئەتا لە کۆپلەیەکی شیعردا تەها سڵمان دەڵێت

**سەرم لە بێدادی خۆمدا**
**چوون بەفر سپی دەچێتەوە.**

کاك تەها ئەوەی وتووە لە ڕوپای خۆیدا دەیبینێتەوە نەك ئەندێشەی شاعیرانە، نەك رازاندنەوەی وشەو بە ڕستەکردنی خەیاڵێك، بۆیە من لە جوگرافیای شیعرەکانەوە بست بەبستی سەفەرەکەی بۆ ناوچە کاولکاریەکانی ئەنفال و موچڕکەی کارەساتەکە دەبینم، ئەڵبتە کاك تەها ئەوسەردەمە منالێکی زیتەڵەو



وریابووە، بۆیە ناوەکانی لە زاکیرەی ئەودا ماونەتەوە، خودا دەیزانێ چی ژانێکی سەخت و چی ئازارێکی بینیوەو لە هاوکێشەکردنی زمانی (ڕوداو بە زمانی شیعری) ئەودا لەم کۆپلەیەدا دێمەنێك لە چەندین ڕووداوێکی ڕاستەقینەدا بینراوە، وەکو دەڵێت

**ئافرەتێك**
**بەدەم ڕیوە**
**منالە تازە بووەکەی فڕێدایە**
**نێو گەنمە قەنارییەکان و**
**وتی مەرگ بۆ تۆ عەزیزی من**
**بێ سەرو شوێنی بۆ دایکت باوانم،**

پاش کارەساتی ئەنفال ئێسك و پروسکی دەیان منالّ لەناو کێڵگە گەنمە سوتاوەکانی جەنگی سوتماککردنی خاکی کوردستان و بێ سەرو شوێنکردنی (١٨٢) هەزار بێ سەرو شوێن، تەها سلێمان لەم کۆپلە شیعرەدا بە زمانی پاکیزەیەکی ئەنفال کراوی فرۆشراو لە سەر دەریایەکی عروبە دەڵێت:

**ژنێك کەباسی ئەندێشەکانی خۆی بۆ دەریا دەگێڕێتەوەو**
**دریاش دەیکاتە هاوڕێی شەپۆلە شێتەکانی خۆی،**
**هەموو کەس بەخیلی پێدەبەن و**
**پێی دەڵێن شێت بووەو**
**فەقیرە هۆشی لە دەست داوە.**



**ئەویش دەڵێ هاوڕێی کەستان نیم و**
**بۆ کەسیشتان نا نوشتێمەوە.**

سەردەم سەردەمی بێ بەهابوونی مرۆڤایەتی لە ناو بەرداشی بازرگانی و جیهانی بەرژەوەندیەکاندا، لێرە لە کوردستان جەستەی مەخلوقێك خوا بە نیشتمانێکی پاك و بێگەری دیاری دەکات بۆ حەزرەتی نوح و کەشتیەکەی تیدا لەنگەر بگرێت، کاتی حەزرەتی نوح لێی دەپاڕێتەوە و لە سورەتی (نوح)ژمارە(٢٨)دا دەفەرمێت:

**(رب اغفرلی ولوالدی ولمن دخل بیتی مؤمنا و للمؤمنات ولا تزد الظالمین الا تبارا)صدق اللةالعظیم**

خوای گەورەیش ڕێنوێنی نیشتمانێکی دەکات پاك و بێگەرد بوو ئەویش کوردستان بوو ،کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزداو لە سورتی (هود) ژمارە(٤١)دا دەفەرموێت :

**(وقیل یأرضُ أبلعی ماءك ویاسماء أقلعی وغیض الماء الامرواستوت علی الجودی وقیل بُعدا للقوم اللظالمینن) صدق اللة العظیم**

ئەڵبەتە تراژیدیای ئەنفال و کوردقڕان و سوتماککردنی گەلی کورد، هەوێنی شیعرەکانی (تەها سلێمان) بووە، لێرەو دەتوانین پەنجە بخەینە سەر پاڵەوان نامەکانی کۆ شیعری سوتان کە شاعیرکارەساتە تراژیدیاکانی سەردەم بە خۆیەوە نەیبینووە. نابێت ئاماژە بەهونەری ئەم دەقانە نەخرێنە پێش چاو، ئەویش سەلیقەو خۆشەویستی کێشەیەکە و دەستنیشان کردنی پاڵەوانی ناو دەقەکە و



کلۆڵی ڕەگەزی مێینەی کوردە۔ گەڕنەوە بۆ جوگرافیای ناوچەکە و کلتۆری دەڤەرکە، گەڕانەوە و چونەناو تراژیدیای پاش ڕوداوەکانە،

دەبێت ڕەخنەکانیش لە بەرچاو بن بەتایبەتی پەلەکردن و پیانەچونەوە و چیکنەکردنی هەڵەی چاپ ، لای خۆمەوە ئەوخاڵانە زۆر ئالۆزیانکردم،

لە کۆتایەکی پڕ ئازارما! دەستخۆشی لە برای شاعیر کاك تەها سلێمان دەکەم بۆ ئەم بەرهەمەی.

# لە ئەدەبی کوردیی دا چەند شاعیرمان هەیە
# بەناوی خاڵص و موخڵیص

ئامادەکردنی
کاروان عوسمان عەلی
کەلار



وەکو ئاشکرایە لای هەمووان کورد لە شاعیردا چەند دەوڵەمەندە و چەندیش باڵا دەستی هەیە، گومان لەوەدا نییە، بەڵام هەندێ جار تووشی شیعرێك، دەسنووسێکی کۆن، بەیازێك، کتێبێکی کۆن دەبین، دەبینین ناوی شاعیرێکی بەسەرەوەیە و نازانین ئەم شاعیرە کێیە؟

یان باشترە بڵێین چەند شاعیرمان هەیە بەو نازناوەوە، دەبێ یەکێ هەستێ بە نووسینی ناوی شاعیران و دەکرێ ناوی شاعیرانمان



ڕیزبەند بکرێن و ساڵی لە دایکبوون و مردنیان بنووسرێ، ئەمەش هەنگاوێکە بۆ ئەوەی ئەدیبان و نووسەران و لێکۆڵەرانی ئەدەبی کوردی خۆمان و وڵاتانی دی بزانن باسی چی شاعیرێك دەکرێ، یان ڕوونتر بڵێین چەند شاعیرمان هەیە یەك ناو یان یەك نازناوی شیعریان هەڵگرتووە.

وەکو ئاشکرایە کورد لە شیعر و شاعیریی دا دەستێکی باڵایی هەیە، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە هەندێ جار بەهەر هۆیەکەوە بێت لە شاعیرێ زیاتر یەك نازناویان هەبێت، یان دوو یان سێ شاعیر زیاتر یەك نازناوی شیعرییان هەڵگرتبێ لە شیعردا.

هەندێ جار لەلایەن کەشکۆڵ نووس و ئەدەب دۆست و مەلا و زانایانی کوردەوە ناوی شاعیر بەتەواوی نەنووسرابێ یان نەزانرابێ جگە لە نازناوی کۆتایی شیعرەکە نەبێ، نووسەرانی ئەودەمەش تەنها مەبەستیان کۆکردنەوە بووە، یان هەندێ جار ئارەزووی شیعری و ئەدەبی بووە، یان خوو بووە، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی شیعری شاعیرانمان بەهۆی نەنووسینی ناوی تەواویان لە سەر بەیاز و دەسنووسە کۆنەکان تێکەڵاو بێت و، ببێتە ئاستەنگ لە بەردەم بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی.

لەم باسەم دا لە سەر (دوو نازناو- خالص و موخلیص)ی شیعری کۆنی کوردیمان دەدوێم، ئەم دوو نازناوە شیعرییە لە ئەدەبی کوردیی دا شیعریان بڵاو بۆتەوە، بەڵام بەهۆی نەنووسینی ناوی



تەواویان بووەتە هۆی تێکەڵاوبوونی شیعر و ژیانیان لە ئەدەبی کوردیی دا، دەکرێ بپرسین ئەم دوو نازناوە شیعرییە لە ئەدەبی کوردیی دا چەند شاعیر ئەم دوو نازناوەیان بۆ خۆیان وەکو نازناوی شیعری هەڵبژاردووە؟!

یەکەمیان نازناوی شیعریی کە دەبێ قسەی لە سەر بکرێت لەم وتارەدا، نازناوی شیعریی "خالص"ە، لە ئەدەبی کوردیی دا دوو شاعیرمان هەیە بەم نازناوەوە، ئەم دوو شاعیرە بە هەر هۆیەکەوە بێت هەڵگری یەك نازناون، بەڵام من گومان دەکەم لەوەی کە وەکو ڕشنکەرەوەی بنەماڵە بێت و ون نەبوونی ناوەکە بێت لەناو بنەماڵە و جێگە و شوێن و ڕەچەڵەکی شاعیر.

ئەم دوو شاعیرە هەردووکیان لە یەك بنەماڵە و یەك هۆزن، یەکەمیان: شێخ عەبدولڕەحمانی "خالص" کوڕی ئەحمەدی کوڕی شێخ مەحموودی تاڵەبانییە و لە دوای خۆی دیوانێکی شیعری لێ بەجێماوە بە فارسی و تورکی و کوردی و خەڵکی شاری کەرکووکە و لەوێ نیشتەجێ بووە، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا شیعرە کوردییەکانی چاپ نەکراوە. منیش لێرەدا پارچەیەك شیعری فارسی بڵاو دەکەمەوە:

ما محرم سلطانیم ، هَی هَی جَبَلی قم قم
ما صاحب دیوانیم ، هي هي جبلي قم قم
دریای طریقت را ، دُرهای حقیقت را
ما گوهر غلطانیم ، هي هي جبلي قم قم



در عالم جسمانی ، در زمره روحانی
ما مظهر جانانیم ، هي هي جبلي قم قم
خورشید حقیقت را ما مطلع انواریم
ما پرتو تابانیم ، هي هي جبلي قم قم
از بحر قدم جوییم ، نه اوییم و هم اوییم
زین حادثه حیرانیم ، هي هي جبلي قم قم
در میکده کثرت ، خوردیم مي وحدت
ما زمره مستانیم ، هي هي جبلي قم قم
ما خالص ناسوتیم ، مست می لاهوتیم
هم صورت رحمانیم ، هي هي جبلي قم قم

دووەمیان: ناوی شێخ محەمەدی "خالص" کوڕی شێخ ڕەزای تاڵەبانییە و لە شاری کەرکووك بووە، ئەم شاعیرەمان لە دوای خۆی چەند پارچە شیعرێکی بۆ بەجێ هێشتووین، ساتێك کراوە بە قایمقامی کفری لەلایەن حکومەتی عێراق و ئینگلیزەوە و لە ساڵی ١٩٢٤ شێخ مەحموود دوای سەرزەنشت کردنی داوا لە شێخ محەمەدی خالص دەکات بگەڕێتەوە بۆ ناو شۆڕشی کورد لە سلێمانی.

ئەمیش پارچەیەك شیعری هۆنیوەتەوە بۆ شێخ مەحموود، بەو هۆیەوە کە دلگرانیان کردووە و بەم شیعرە وەڵامی شێخ داوەتەوە:

لە پاش دامان و پا ماچکردن و عەرزی دووعاخوانی
وەڕین دەس پێ دەکا بەچکە گەماڵی پیری گەیلانی
دەڵێ: بۆچی دەرت کردم، ئەگەر پاست بکەم بەخوا؟
هەموو چەڵتووکەکەت ئەخوا بەرازی قوتبی ڕەببانی

یەکانە و پەڵخ و ماڵۆسی قەوی، قوڵی گەڵێك زۆرە
بەری ملیان لە کوێ ئەگرێ پشیلەی کانی ئاسکانی
لەپاش تاڵان و عەزل و لانەوازی و خانەوێرانی
حەواڵەی خۆت دەکەم قوربان، چلۆن بێم بۆ سلێمانی؟!...

دووەم نازناوی شیعری کە "موخلیص"ە، ئەوا ئەم نازناوەشمان تاکو ئێستا لەم سێ شاعیرەدا کۆ بووەتەوە:

یەکەمیان ناوی: مەلا خەلیلی کوڕی مەلا ڕەسوولی کوڕی مستەفایە و لە ساڵی ١٩١٠ لە دێی شۆڕە زەرتکەی کەندێناوە لە دایك بووە، دوو نازناوی شیعری هەبووە، یەکەمجار بە نازناوی"واقی" بەکارهێناوە لە شیعرەکانی دا و دواتر گۆڕیوویەتی بۆ "موخلیص"، شاعیر لە ٥/٦/١٩٨٥ دا کۆچی دوایی کردووە و لە سەر گردی پیرداود نێژراوە.

ئەم شاعیرەمان بەرهەمی زۆرە و تەنیا دوو بەرهەمی چاپ کراوە بەم ناوانە (هیجرەتنامەی کوردی و مەولوود نامەی کوردی).

دووەمیان ناوی: شێخ مستەفای کوڕی شێخ عەبدولسەمەدی قازییە و خەڵکی سلێمانییە و لە دەوری عوسمانی دا چەند جارێك ئەندامی مەحکەمە بووە و لە ساڵی ١٩١٤- ١٩١٨ حکومەتی عوسمانی سلێمانی چۆڵ کردووە "مدیری ئەیتام" بووە، لە مارتی ١٩١٩، لە تەمەنی ٧٠ ساڵی دا کۆچی دوایی کردووە. ئەمە چەند دێرە شیعرێکی ئەم شاعیرەمانە:



دڵ لە بۆ شەمعی جەماڵی تۆ ئەبێ پەروانە بێ
سۆزی با وا نەبێت، وا هێندە بێ پەروا نەبێ
حاجی نابێ بەمەی مەخمووری بادەی عەشقی تۆ
مەسکەنی مەیخانە بێ، بۆ ئەو ئەبێ خەمخانە بێ
مەخزەنی ئەملاکی هەستی من بەقەدی گیان و دڵ
سەرفی دڵی جانانە بێ، ئەم خەرنە با جانانە بێ...

سێیەم شاعیرمان ناوی: (قادری کوڕی محەمەدی میر ئاخوڕ)ە، ساڵی ١٩٠٥ لە شاری کفری لە دایك بووە، ئەمەش چەند دێرە شیعرێکی شاعیرمانە:

بیست و یەکی مانگ، ڕۆژی نەورۆزە
نەورۆزی کوردان، بەزمێکی قۆزە
کفری خرۆشا بە ژن و پیاوی
نزیك هەزار کەس بەشك و زیاوی
تەخت و قەنەفە تەبڵە لە ناوی
فەرش ڕاخرا، چەند مێز لەناوی
سەماوەر، قۆری، پیاڵە لە دەوری
خەڵکی سەف بەستەن، تەمام لە دەوری...

نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە چەندان نازناوی شیعریمان هەیە چەند شاعیرێك ئەو ناوەیان بۆ نازناوی شیعری خۆیان هەڵبژاردووە.



**سەرچاوەکان:**

١- گوڵبژێرك لە شیعر و شاعیرانی گەرمیان: ساڵح هەلاج- کەرکووك ٢٠٠٨- چاپی یەکەم- لا: ٧٤.
٢- شاعیرە ناو ونبووەکانی کورد: عەلی کەمال باپیر ئاغا- سلێمانی ١٩٧٠- چاپخانەی ڕاپەڕین لا: ١٤-١٥.
٣- هیجرەتنامەی کوردی: د. ابراهیم ئەحمەد شوان: نووسینگەی تەفسیر: ٢٠٠٩- لا: ٥.
٤- شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان: محەمەد ڕەسوول هاوار- بەرگی دووەم- ١٩٩١، لا: ٨٤٧.
٥- بنەماڵەی زانیاران: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس- چاپی یەکەم، ١٩٨٤- چاپخانەی شەفیق- بەغدا، لا: ٥٧٤.



# کرداری بکەرنادیار لەشێوەزاری خانەقیدا

د. ئومێد بەرزان برزو



کرداری بکەرنادیار وەکو فرێزێکی کرداری لەڕستەدا دەردەکەوێ. چەمکی بکەرنادیاریش لەهەمو زمانێکدا هەمان شت دەگەیەنێ، مەبەست لێی ئەو ڕستەیەیە کە بکەرەکەی واتا ئەو کەسە یا ئەو شتەی ئیشی کردارەکە بەجێ دەهێنێ لەسیمادا دەرناکەوێ. بەم پێیە مەبەست لەنادیاری لەکارخستنی بکەرە (کارایە).

هەنگاوەکانی گواستنەوەی ڕستەی بکەرنادیار بۆ بکەرنادیار

لەشێوەزاری خانەقیدا ئەمانەن:

١- بکەری ڕستەو جێناوی ڕێککەوتن لادەبرێن.

٢- بەرکار جێی بکەر دەگرێ، بەڵام چەمکی بەرکاریی خۆی نادۆڕێنێ.

٣- ڕەگی ڕانەبردوی کرداری ڕستەکە وەردەگیرێ.

٤- نیشانەی نادیاری (ری) دەخرێتە سەر ڕەگی کارەکە.

٥- نیشانەی کاتی دەچێتە سەر (ا) بۆ کاتی ڕابردو و (ـە) بۆ کاتی ڕانەبردو.

٦- جێناوێکی لکاو بەپێی کەس‌و ژمارەی بەرکار کە جێی بکەری گرتوە، دەچێتە سەر کردارەکە.

بۆ نمونە:

ئیمە ئەوان بردیمن. (ئێمە ئەوانمان برد)

ئیمە : بکەرە

ئەوان : بەرکاری ڕاستەوخۆیە

برد : ڕەگی کرداری ڕابردوی (بردن)ە

یمن : جێناوی ڕێککەوتنە

بەپێی هەنگاوی یەکەم بکەر (ئیمە)و جێناوی ڕێککەوتن (یمن) لادەبرێن، پاشان بەپێی هەنگاوی دووەم بەرکاری ڕاستەوخۆ (ئەوان) جێی بکەر دەگرێ‌و دەبێتە:

ئەوان برد



بەپێی هەنگاوی سێیەم ڕەگی ڕانەبردوی کردارەکە وەردەگیرێ:

ئەوان به

بەپێی هەنگاوی چوارەم نیشانەی نادیاری (ری) دەخرێتە سەر ڕەگی کردارەکەو دەبێتە:

ئەوان بری

بەپێی هەنگاوی پێنجەم نیشانەی کاتی دەچێتەسەر، لەبەرئەوەی کاتی کردارەکە (برد) لەڕابردودایە، نیشانەی (ا)ی دەچێتەسەرو دەبێتە:

ئەوان بریا

بەپێی هەنگاوی شەشەم کردارەکە جێناوێکی لکاو بەپێی کەس‌و ژمارەی جێگری بکەر وەردەگرێ‌و دەبێتە:

ئەوان بریان (ئەوان بران)

یان بۆ نمونە:

ئیمە ئەوان بەیمن. (ئێمە ئەوان دەبەین)

ئیمە : بکەرە

ئەوان : بەرکاری ڕاستەوخۆیە

به : ڕەگی کرداری ڕانەبردوی (بردن)ە

یمن : جێناوی ڕێککەوتنە

بەپێی هەنگاوی یەکەم‌و دووەم بکەر (ئیمە)و جێناوی ڕێککەوتن



(یمن) لادەبرێن، پاشان بەرکاری ڕاستەوخۆ (ئەوان) جێی بکەر دەگرێ‌و دەبێتە:

ئەوان به

بەپێی هەنگاوی سێیەم ڕەگی ڕانەبردوی کردارەکە وەردەگیرێ:

ئەوان به

بەپێی هەنگاوی چوارەم نیشانەی نادیاری (ری) دەخرێتە سەر ڕەگی کردارەکەو دەبێتە:

ئەوان بری

بەپێی هەنگاوی پێنجەم نیشانەی کاتی دەچێتەسەر، لەبەرئەوەی کاتی کردارەکە (به) لەڕانەبردودایە، نیشانەی (ـە)ی دەچێتەسەرو دەبێتە:

ئەوان بریە

بەپێی هەنگاوی شەشەم کردارەکە جێناوێکی لکاو بەپێی کەس‌و ژمارەی جێگری بکەر وەردەگرێ‌و دەبێتە:

ئەوان بریەن (ئەوان دەبرێن)

بەم پێیە یاسای گواستنەوەی ڕستەی بکەردیار بۆ بکەرنادیار لەم هێڵکارییەدا ڕونکراوەتەوە:






بەڵام کە بەرکاری ڕاستەوخۆ بەجێناوێکی لکاو دەربڕابێ لەدروستەی ڕستەی مۆرفۆسینتاکسدا، وەك:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١- دیمەیان : | دی | م | ە | یان |
| | ڕەگی کردار | کلیتیکی بکەری | | کلیتیکی بەرکاری |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢- هەڵیان گرتم : | هەڵ | یان | گرت | م |
| | پێشگر | کلیتیکی بەرکاری | ڕەگی کردار | کلیتیکی بکەری |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣- کلیان کردم : | کل | یان | کرد | م |
| | بەشی یەکەمی کردار | کلیتیکی بەرکاری | ڕەگی کردار | کلیتیکی بکەری |

بەگواستنەوەی ئەم ڕستانە بۆ ڕستەی بکەرنادیار، ئەوا:

١- جێناوی ڕێککەوتنی بکەری (م) لادەبرێ.

٢- (ری)ی نیشانەی نادیاریو (ا)ی نیشانەی کاتی ڕابردو دەچنەسەر ڕەگی کردارەکە.

٣- ئەو جێناوە لکاوەی کە تیایدا ئەرکی بەرکار دەبینێ، جێی بکەر

دەگرێ، بەمەش کلیتیکی بەرکاری لەدەستەی (م ، ت/د ، ی ، مان ، تان/دان ، یان) دەگۆڕێ بەجێناوی بەرامبەری سەر بەدەستەکەی تر (م ، ی/ید ، (Ø،د) ، یمن ، ن ، ن) ، ئەم دیاردەیەش بە (ئەرگگۆڕکێ) ناودەبرێ. کە بریتییە لەپاشەکشێی جێناوە لکاوی بەرکار لەڕاستەوە بۆ چەپ، یان لەسەرەتای ڕستەوە بەرەو کۆتایی ڕستە، لەم دیاردەیەدا جێناوەکە کەوا بەرکارە ڕوخساری دەگۆڕێ بۆ بکەری ڕابردو لەکرداری تێنەپەڕدا، لەم میکانیزمەدا ئەرکی بەرکار دەگۆڕێ بۆ بکەر. پاشان شوێنی خۆی دەگۆڕێو دەچێتە سەر ڕەگی کردارەکەو ڕێککەوتن لەنێوانیاندا ڕوودەدات.

لەو ڕستانەی سەرەوەدا کلیتیکی بەرکاری (یان) دەگۆڕێ بەجێناوی بەرامبەری سەر بەدەستەکەی تر کە (ن)ە و دەچێتە سەر ڕەگی














یاسای گۆڕینی کرداری بکەردیار بۆ بکەرنادیار لەدروستەی ڕستەی مۆرفۆسینتاکسدا، بەم شێوەیەیە:




ئەم ڕێژەیە بۆ هەردو کاتی ڕابردو و ڕانەبردو بە هەواڵیو دانانییەوە لەگەڵ ئەو مۆرفیمانەی کە بۆ داڕشتنی هەر کردارێك کە پێویستبێ، وەکو مۆرفیمی (بەردەوامی، نزیك، دور، نەرێ، .....تاد) دەچنەسەر ڕەگی کردار لەگەڵ نیشانەی نادیاریو نیشانەی کاتو جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم، کرداری بکەرنادیار دروستدەکەن،



وەك:

کوشریا ، نەکوشریا

(ڕابردوی هەواڵیی سادە)

کوشریایا ، نەکوشریایا ، بکوشریا ، نەکوشریا

(ڕابردوی هەواڵیو دانانیی بەردەوام)

کوشریاس ، نەکوشریاس

(ڕابردوی هەواڵیی تەواو)

کوشریاوی ، نەکوشریاوی ، کوشریاویا ، نەکوشریاویا

(ڕابردوی هەواڵیو دانانیی دور)

کوشریەد ، نێکوشریەد ، بکوشریەد ، نەکوشریەد

(ڕانەبردوی هەواڵیو دانانی)

## سەرچاوەکان


- ئومێد بەرزان برزو، ڕێزمانی جێناو لەشێوەزاری خانەقیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی پەروەردە ـ زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٦.
- شێرکۆ بابان، ڕستەسازیو شیتەڵکاری زانستی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٦.
- فەرەیدون عەبدول محەمەد، نادیاری، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب ـ زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٨.
- وریا عومەر ئەمین، لەپەیوەندییەکانی بکەری نادیار، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢٩)، ١٩٩٢.

# ئافرەت و پرۆژە بوون



بەناز عومەر

*زانایەك دەڵێ: (گرنگ ئەوە نییە کەتۆ لەسەر ڕێگەیەکی ڕاست بیت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کەخاوەنی مەنهەج و پرۆژەیەك بیت لەسەر ئەو ڕێگا ڕاستە بتهێڵێتەوە).*

لەم ساتە وەختەدا کەئافرەت ستەمو زۆرداریو نا دادپەروەرییەکی زۆری بەرامبەری دەکرێت، ئەمە وایکردوە کەزۆرترین بانگەشەو دەنگ هەڵبڕینی ئافرەتان بۆ مافەکانیان بوونو ئامادەگی هەبێت، ئا لێرەدا پێویست بەوە دەکات کەئافرەتان ئەم جارەیان جدیترو هەیمەنە خوازتر لەپێش بانگەشەکانەوە پرۆژەگەلێك ئامادەباشی هەبێت کەلەلایەك بەکاری ڕێکخستنی کارو چالاکیەکانی ڕێکخراوەکان هەستێتو لەلایەکی دی پەیامێکی ریفۆرم خوازانە





بێت بۆ کوشتنو ئیفلیجکردنی هەر ڕەهەندو فاکتەرێك کەهەنگاونانەکان وەکو ژێتو ئاوڕی بەرەو دواوەیان پێدەدات. هەروەها لەلایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی ببێتە بەدیلو ئەلتەرناتیفی هەر حەقیقەت و واقعیەك کە ڕوو دەداتو قسەی لەسەر دەکرێتو کاریگەریو دەرهاویشتەی خۆی بەجێدەهێڵێت. لەدنیای پێشکەوتنو گۆڕانکاریو داهێناندا پێناسەیەکی هەمیشە جێگیر هەیە ئەویش ئەوەیە کەلەپێش هەر بانگەشەو دەنگ هەڵبڕینێکەوە داوای پرۆژەو پەیامو مەنهەجت لێدەکرێت.

تا بزانرێت چەندە دەتەوێت بڕۆ قورساییو ئاراستەی پۆزەتیف هەبێتو بابەتیانەو دڵسۆزانە حەقیقەتی ڕووداوەکان شیدەکەیتەوە یان چەندە دەرگاکانی ئایندە بەڕووی ئافرەتانو پرۆژەکانیاندا



دەکەیتەوەو شتە تەقلیدیو سواوەکان دووبارە ناکەیتەوەو هەنگاوی نوێ هەڵدەگریت.

زانایەکی دی دەڵێ: (ئەگەر دەنگو ڕەنگەکان بەڵگەی شوناسو کەینونەی هەرچینو گروپێك بێت، ئەوا پرۆژەکانیش بەڵگەو پێوەری مانەوەو بەردەوامبوونیەتی).

ئەمە لەکاتێکدا کەمانەوەو بەردەوامبوون دوو سیفەتی سەرەکین بۆ گەڵاڵە بوونی ئامانجو مەبەستەکانو نزیکبوونەوە لەسەرکەوتن سەرەڕای ئەمەش تەنها بوونی پرۆژە گرنگ نییە ئەگەر ئەم مەرجانەی تیا نەبێت:

١- کارکردن لەسەر ئەولەویەتی (پێداویستیەکانو مافەکان)و پلە بەندی لەکارکردنیاندا.

٢- واقیعی و بابەتی بوون نەك بانگەشە کردن بۆ شتێ کەهێنانە دی مەحاڵ بێت.

٣-کارکردن لەسەر شتە هاوبەشەکان بکاتو لەشتە زۆر حەماسەکانە بخرێتە گەڕو کەمترین نەیار لەخۆی کۆ بکاتەوە.

٤- بوونی ئامانج و مەبەستگەلێك کەهەمیشە ڕەوتی پرۆژەکەی بەرەو خۆی بێ هەنگاو بنێت.

٥- میکانیزمی جدی ئابووریو ڕۆشنبیریو مەعریفیو کۆمەڵایەتی لەپێناودا بخرێتە گەڕو بوێرانە کاری ئازایانەی خۆی بکات.



# ببە بەگەورەی کاتی خۆت

وەرگێڕانی / ئاسۆ وەهاب



٢ - ١ بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت ژیان زۆر سەرکەوتووانە بێت، ئەگەر پشت بە نییەت پاکی لە مەزندەکردنی بیرۆکەی کات یان بیرۆکەی ژیان ببەسترێت، پێویستە لە سەرمان هەوڵێکی بەئاگایانە بۆ بەکارهێنانی کاتی بەردەستمان بدەین، ئەمەش لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە پیشەییو کەسایەتییەکان، ئەمەش دەبێتە تاکە ڕێگە بۆ دامەزراندنی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەوانی تر لە ڕێگەی کارلێکبوون لە نێوان ئەرکو چالاکییە ڕۆژانەییەکان لە لایەكو دڵنیابوون لە ڕەزامەندی کەسایەتیو پێشکەوتن لە لایەکی

ترەوە .

٢ - ٢ سەرکەوتن

ئەوەی گرنگ بێت ئەوە نییە کە با لە کوێوە هەڵدەکات، گرنگ ئەوەیە کە کەشتییەکە چۆن ئاڕاستە دەکرێت، کارگێڕی کاتی سەرکەوتوو ڕێگەی نوێ دەخاتەڕوو لەوانە :- .

٢-٢-١ گۆشەنیگا : لە ڕێگەی جێبەجێکردنی چالاکییەکانو ئەوانەی لەبەرترن، گۆشەنیگای باشتر بەدەست دەهێنن .

٢-٢-٢ خولْقاندن (داهێنان) : داهێنانی زۆر بکەن لەو هەلەی لە بەر دەستاندایە ( دەسپێشخەری بکەن لەبری ئەوەی پەرچەکردارتان هەبێت ) .

٢-٢-٣ کەمکردنەوەی پاڵەپەستۆ ( شپرزەیی ) : مامەڵە لەگەڵ شپرزەیی بکەنو کەمی بکەنەوەو خۆتان لێی بە دوور بگرن .

٢-٢-٤ کاتی بێ ئیشی : کاتی بێ ئیشی زیاتر فەراهەم بکە، بۆ نموونە کاتی زیاتر بۆ خێزانو هاوڕێیانو بۆ خودی خۆتان تەرخان بکەن .

٢-٢-٥ ئامانجەکان لە ژیان : ئامانجەکانتان بەشێوەیەکی ڕێکوپێکو بە زنجیرە بەدی بهێنن، بەمەش ژیانتان مانای دەبێتو هەست بە ئارامیو بەوە دەکەن کە لە سەر ڕێی ڕاستن .

٢-٢-٦ کاتی خۆت ببە :-

- کاتێك بۆ کار تەرخان بکە، چونکە نرخی سەرکەوتنە .
- کاتێك بۆ بیرکردنەوە تەرخان بکە، چونکە سەرچاوەی هێزە .



- کاتێك بۆ یاریکردن تەرخان بکە، چونکە نهێنی گەنجێتی بەردەوامە .
- کاتێك بۆ خوێندنەوە تەرخان بکە، چونکە سەرچاوەی زانینە .
- کاتێك تەرخان بکە بۆ ئەوەی دڵسۆز بیت، چونکە ڕێگەیەکە بۆ خۆشگوزەرانی .
- کاتێك بۆ خۆشەویستی تەرخان بکە، چونکە چێژی ژیانی تیدایە .
- کاتێك بۆ پێکەنین تەرخان بکە، چونکە میوزکی روحە .

٢-٢-٧ پلانی کار : دەست بە ڕۆژەکانتان بکەن، ئەوەش دیاری بکەن چۆن سوود لە کاتەکانتان وەردەگرن .

٢-٣ دزەکانی کات بگرن :

بەشێك لە کاتەکانمان لێمان دەدزرێن، یان فریوی پێدەخۆین. ئەو بەشە هەر چەند بێت، بەڵام وا دیارە بە بێ ئەوەی تێبینی بکەین بزر دەبێت . ( سینیکا)

٢-٣-١ دابڕانەکان : ئەو تەگەرانەن کە لە کاتی کارکردندا دێنە ڕێمان. کاتێك مەسەلەکان بەو شێوەیە ناچن بەڕێوە کە پلانمان بۆ داڕشتووە،ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شێوەیەکی زنجیرەیی یەك لە دوای یەك تەگەرەمان دێتە ڕێ .

٢-٣-٢ دەوروبەر ( ژینگە ) : هەندێك جار ئەوانی تر هەڵە دەکەن، بەڵام بەربرسیارێتییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی ئێمە .

٢-٣-٣ شیکردنەوەی خود : دەست بکە بە توێژینەوەکردن لە



| دزەکانی کات | راست | | | |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| | هەمیشە | بەبەردەوام | هەندێ جار | هیچ کات |
| ١- تەلەفۆن : بەشێوەیەکی هەمیشەیی داتدەبڕێت لەکارو زۆر جار ماوەی پەیوەندییەکە زیاتر لە کاتی ئاسایی خۆی دەخایەنێت . | | | | |
| ٢- میوان : میوانێکی زۆری دەرەوە یان هی شوێنی کار بوار نادەن کارەکانت ڕا پەڕێنیت . | | | | |
| ٣- کۆبوونەوەکان : زیاد لەکاتی خۆی دەخایەنێتو دەرئە نجامەکانی جێگەی ڕەزامەندی تۆ نین . | | | | |
| ٤- دواخستن ( دەستە دەست پێکردن ) ئەرکەکان قورسن، بۆ نموونە گونجاندنی کات، زۆر جار ئەمە ڕێك ناکەوێتو دەبێتە هۆی بێزار بوونت، تەنانەت ئاستەنگ هەیە لە بەدواداچوونی ئەم کارە تا کۆتایی، بۆیە بەشێوەیەکی ڕەها دڵنیا نیت لە پێویستی دواخستنی کارەکە . | | | | |
| ٥- لە دەستدانی ئەوەی لە پێشترە : ئەو کاتەی ئەو کارەی کە لە پێشترە لە دەستدەدەیت، هەوڵدەدیت چەند ئەرکێك جێبەجێ بکەی ( کاتێکی زۆر لە مەسەلەی ئەوەی کامیان لە پێشترە بەفیڕۆ دەدەیت، وا دیارە ناتوانیت زۆر ورد بیتەوە لەو مەسەلەیەی کە دەبێت زۆر جێی بایەخ بێت لە لات ) . | | | | |
| ٦- پاڵە پەستۆی پڕوکێنەر : دەتوانیت تەنها لە ژێر پاڵە پەستۆی پڕوکێنەردا پێداچوونەوە بەخشتەی کارەکانتو تەواوکردنی دوا چاوپێکەوتن بکەیت، چونکە هەمیشە شتێك ڕوو دەدات کە پێشبینی نەدەکرا ڕوو بدات، یان چاوت دەکەوێت بە شتێك کە لە تواناتدا نییە چارەسەری بکەیت . | | | | |



| | | | | |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ٧- کاری پەڕەیی : ژمارەیەکی زۆری پەڕەی کارت لەسەر مێزی کارکردنتە، لەگەڵ نامەی ئاڵوگۆڕکراو خوێندنەوە کاتێکی زۆرت بە فیڕۆ دەچێت، ئۆفیسەکەت نموونەیەکی تەواو نییە لە رووی ڕێکخستنو ڕێکوپێکییەوە . | | | | |
| ٨- پەیوەندییەکان : پەیوەندییەکی زۆر کەمت هەیە بە ئەوانی ترەوە، لەگەڵ دواکەوتن لە گۆڕینەوەی زانیارییەکانو لە یەکتر گەیشتن یان هەستکردن بە نا ئارامی بەهۆی ڕۆتینەوە . | | | | |
| ٩- ڕاسپاردن : ڕاسپاردنی ئەرکەکان بەوانی تر بێکەڵکە، بۆیە بە ئاگا بەر لەو شتانەی کە دەتەوێ رایسپێریتە ئەوانی تر . | | | | |
| ١٠- گوتنی نەخێر : بەلاتەوە گرانە بڵێیت ( نەخێر ) ئەو کاتەی ئەوانی تر لێت دەپرسن، بۆ ئەنجامدانی کارێك .. لەکاتێکدا تۆ بەڕاستی سەرقاڵی بە ڕا پەڕاندنی کارێکی تایبەتیو گرنگ . | | | | |
| ١١- ئامانجەکان : هیچ ئامانجێکی پیشەییو کەسایەتیت نییە، بۆ نموونە، بینینی مانای ڕاستەقینەی ئەو شتانەی کە بە درێژایی ڕۆژو هەموو ڕۆژێك دەیکەیت گرانە ؟! | | | | |
| ١٢- پابەندبوونی خودی : هەندێك جار پابەندبوونی خودی خۆت کە زۆر پێویستە لە کاتی جێبەجێکردنی پلانێك کە ئارەزووی بەجێهێنانی دەکەیت لە دەست دەدەیت . | | | | |
| ئەو خاڵانەی بە دەستت هێناوە لە هەموو خانەکاندا کۆبکەرەوەو لێکدانی ئەو ژمارەیەی بکە کە لە ناو هەر خانەیەکدا دانراوە، دواتر هەر هەموو ئەنجامەکان کۆ بکەرەوە. | ... × ٥ = ؟ | ... × ٢ = ؟ | ... × ٣ = ؟ | ... × ٣ = ؟ |
| کۆی گشتی خاڵەکان | ( ....... ) خاڵ | | | |

نەریتەکانی کار کردنت .

٢-٣-٤ دزەکانی کات : کێ یان چۆن ئەو کاتەمان لێدەدزرێت ؟ کێین ئەو دزانە ؟ دەکرێت دیاری بکرێن ؟

٢-٣-٥ بەغیرۆچوون : ئەم پرسیارانە یارمەتیمان دەدەن بۆ پشکنینی هەڵوێستی کارەکانمان‌و روونکردنەوەی ئەو کاتانەی کە بە فیڕۆ دەچن .

٢-٤ هەڵسەنگاندنی خود : دزەکانی کات

٢ - ٥ ئەنجام :

٠ - ١٧ خاڵ : تۆ پلان بۆ خۆت دانانیت‌و بوار دەدەیت کەسانی تر خشتەی کارەکانت پێببڕن، هەروەها ناتوانیت کارگێڕی خۆت بکەیت، واز لەوانی تر بهێنە... کارگێڕیکردنی کات سەەتایی ژیانێکی نوێ‌و سەرکەوتووت بۆ دەکێشێت .

١٨ - ٢٤ خاڵ : هەوڵدەدەیت کاتی خۆت ڕێك بخەیت، بەڵام بەپێی پێویست بەردەوام نیت تا سەرکەوتن بە دەست بهێنیت .

٢٥ - ٣٠ خاڵ : ڕێکخستنی کاتت باشە، بەڵام دەتوانیت باشتری بکەیت .

٣١ - ٣٦ خاڵ : پیرۆزە ( بە ئەمەك بوویت لە وەڵامدانەوەکانت ) تۆ نموونەیەکی بۆ ئەو کەسانەی کە دەتەوێت فێری چۆنێتی ڕێکخستنی کاتی خۆیان ببن، بهێڵە با ئەوانی تر سوود لە ئەزموون‌و



هەڵسوکەوتەکانت وەرگرن لە ڕێکخستنی کاتدا .

٢ - ٦ پلانی کار :

| دەست بەرۆژی خۆت بکە ، ئەوەی پێی هەڵدەسیت گرتنی سێ دزی کاتە ( ئەوانەی کە کاتت دەدزن ) | | |
|---|---|---|
| دزەکانی کات | هاندەرەکان - هۆکارەکان | چارەسەری بەردەست |
| | | |
| | | |
| | | |

**-بەشی دووەمی کتێبی ( کارگێڕی کات )، نووسینی لۆسەر جی سیوارت، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی رعد ئەلسەران، لە بڵاوکراوەکانی خانەی عەلائەددین بۆ وەشاندن، ٢٠٠٨**





# ئەو منداڵانەی بوونەتە قوربانی هەڵەکانی دایك و باوك

پەیام عەبدوڵڵا



دوای خوێندنەوەی چەند بابەتێك لەسەر ئەو هەڵانەی دایك و باوك دەیکەن و کاریگەری یان لەسەر منداڵەکانیان هەیە بە پێویستم زانی بابەتێك ئامادە بکەم لەو بارەیەوە، ئەگەرچی ئەو رواوانەی بە زۆری لە دەرەوەی کوردستان رویانداوە،بەڵام کوردسیتانیش لەو جۆرە هەلانە بەدەر نییەو رۆژانە شتی لەو جۆرە روودەدات،لەم بابەتە تەنها مەبەستم لایەنی سێکسی نییە، بەڵکۆ مەبەستم چەندین شتی ترە کە منالّ دەکاتە قوربانی هەلەی داێك و باوك،وەکو رەوشت و هەڵسوکەوت و قسە کردن و شەر کردن و زۆر شتی تری لەو جۆرە،لێرەدا پێم خۆشە باس لە روداوێکی راستەقینە بکەم .....،رۆژێك لەگەلّ کەسێکی نزیکی خۆم سەفەرم کرد لە رێگەکەوتینە گفتوگۆ و روداوێکی سەرەنج راکیشی بۆ باس کردم و وتیی" رۆیژێك چووم بۆ مالێك لە دەرەوەی ئەو شارەی مالی خۆمانی لێبوو کە پێویستی کرد بمێنمەوە لە ماڵێك کە مالّ ئامۆزاییەکەم بوو دوای مانەوە و نان خواردن سەیری تەلەفزیۆنمان دەکردکە زنجیرە درامایەکی بیانی بوو،پیان وتم ئەوە چیە ئەڵێی سەیری ئەم دجرامایە ناکەی زۆر خۆشە ،وتم نا تا ئیستا سەیرم نەکردوە،بەلام ئەمشەو سەیری دەکەم،پاش تۆزێ لە سەیرکردن بینیم ئەو درامایە پڕ بوو لە وروژاندن و لە ئامێزگرتن، بە هەرحالّ ئەو مالەی لێی بووم دوو منالیان هەبوو هەستم کرد نابێت ئەو دوو منالە سەیری ئەو زنجیرەیە بکەن، دراماکە بە نیسبەت ئەو ژن و مێردەوە شتێکی ئاسایی بوو،دوای تەواو بوونی ئەو درامایە

هەردوو مناڵەکە بە ڕۆشتنێکی نائاسایی چونە دەرەوە زیاد لە چارەکێکیان پێچوو،منیش بە بیانووی تەلەفۆن کردنەوە چوومە دەرەوەی ئەو ژوورە و لە تەنیشت مەتبەخی ژووری تەلەفزیۆن خێرا چووومە ژورەوە و گلۆپەکەم داگیرساند،بینیم هەو دوو مناڵەکە هەمان کاری ئەلقەکەیان دووبارە دەکردەوە،بەڵام فریایان کەوتم و خەریك بوو کاری خراپتر بکەن،دوای ئەوەی ئەم کارەم لێیان بینی دەستم گرتن و کەوتمە قسە کردن لە گەڵێیان بۆم دەرکەوت کە دەمێکە خەریکی ئەو کارەن، کاتێ دایك و باوکیان لە ماڵ نەبن هەردوو کیان کاری لەو جۆرە وئەنجام دەدەن  و دەیخەنە سەر  فیلم سەیری دەکەن کەنابێت لەو تەمەنە مناڵ سەیری ئەو جۆرە فیلمانە بکات،دواتر خۆمم پێ نەگیرا و بەرپرسی هەردوو منالەکم ئاگادرار کردەوە و لە ترسی ئەوەی منالەکان کاری لەوە خراپتر لەوە نەکەن،دەبێت ئەوەش بزانین ئەگەر مناڵ  ڕەفتاری دایك و باوك بکەنەوە ئەوا هیچ تاوانبار نیین جا لەهەر بوارێکدا بێت،چۆن دەبێت دایك و باوك  هەست بەوە بکەن کە منالەکانیان ناتوانن هەستەکانیان لە تەمەنی مێرد منالێدا بدرکێنن و کێشەکانیان ڕۆژ بە ڕۆژ روو لە زیاد بوونە،پیویستە دایك و باوك لە سەرەتای هەستکردنیان بەوەی کە منالەکانیان چوونەتە قۆناغی هەرزەکارییەوە باش و خراپ بۆ منالەکان روون بەکەنەوە و جێگای خەوتنی مناڵەکان لە نزیك یەك نەبێت و لەهەموو ڕەفتارەکانی منالەکانیان ئاگادار بن،باشتر وایە لە کاتێکدا کە ئامۆژگاری یان



دەکەن دایك قسە بۆ کچ و باوك قسە بۆ کوڕەکەی بکات هەر وەها خالێکی تری گرنگ ئەوەیە دەبێت ئامۆژگارییەکان لە کاتی خۆیدا بکرێت،بە پێی پێوەرە زانستیەکان کچان لە تەمەنی ١٠ ساڵی و کورانیش لە تەمەنەنی ١٢ ساڵی تەمەنی هەرزەکاریان دەست پێ دەکات،جا دایکان و باوکانی ئازیز دەبێت لەو تەمەنە بە وردی ئاگاداری منالەکانتان بن بۆ ئەوەی تووشی هیچ هەڵەو دەردەسەرییەك نەبن لەو تەمەنە، چونکە بە ئاگا بوونی ئێمە زۆر پێویستە بۆیان.



# نهێنیەکانی تەوقەکردنی مرۆڤ



ئا: عومەر عەبدولکەریم قادر
omerteno@yahoo.com

به گشتی هیچ کەس ئەوەمان فێر ناکات چۆن تەوقە بکەیەن، بەڵام ئەگەر دیقەتتان دابێت ژنان و پیاوان بەشێوەیەکی جیاواز تەوقە دەکەن. تەنانەت ئەم جیاوازیانەش لە پیشەو کارو کەسایەتیە جیاوازەکان و  هەلومەرجە ڕۆحیەکانیش بەدی دەکرێت.

- کاتێك ژنان دەیانەوێ هەستە ڕاستگۆکانی خۆیان بە تایبەت لە بارودۆخە ناخۆشەکانی ژیاندا بەرانبەر بە ژنانی تر دەربڕن ، لەگەڵ یەکتریدا تەوقە ناکەن، بەڵکو دەستەکانی کەسی بەرانبەر بەنەرمی دەخەنە نێو دەستی خۆیانەوەو  بە شێوازی ڕوخسار هاوسۆزی و هاوخەمی خۆیان پیشان ئەدەن، بەڵام وادیارە ژنان ئەم



هەڵسوکەوتەیان تەنها بۆ پەوەندی لەگەڵ هاو ڕەگەزەکانی خۆیان هەڵبژاردوە.

ئەتوانرێ لە شێوازی تەوقەکردنی کەسەکان زۆرێك لە تایبەتمەندیە گشتی یان کاتییەکانی ئەوان بە دیقەتێکی زۆرەوە دیاری بکرێن.

ناولەپی تەڕ یان ئارەقەی کردبێ ئەوە پیشان ئەدات، کە کەسەکە دڵەڕاوکێ و جۆرێك هەیەجانی نائاسایی هەیە. ئەگەر ناولەپتان زۆر ئارەقە دەکات، ئەگەری زۆر هەیە، کە کەسایەتیەکی نیگەران و پەرێشانتان هەبێ. ئەوەتان لە بیرتان بێت، ئەگەر لەم جۆرە کەسانەن پێش ئەوەی لەگەڵ کەسانی تر تەوقە بکەن دەستەکانتان وشك بکەنەوە.

- هەندێك لە نەخۆشیەکانیش لەنێو لەپەکانتان نیشانەگەلێکی تایبەت دروست دەکات لە نەخۆشی زۆرکارکردنی لیکەڕژێنەکان لەپی دەستەکان گەرم و تەڕ دەبن، بەڵام لەکاتی پەڕێشانی و شڵەژاندا لەپی دەستەکان تەڕو سارد دەبن.

تەوقەکردن بەساردوسڕی، کەسایەتیەکی ساردو ناخگەراو تۆزێك فیزاوی دەرخات. لە ڕادەبەدەری تەوقەکردنیش بەم ئەندازەیە ئازاربەخشەو لە دەرەوەی عورف و عادەتیشە بەتایبەت لە یەکەمین چاوپێکەوتنەکاندا ئەبێ لەم دووجۆرە دوور بکەوینەوە.

کاتێك لەگەڵ کەسێکدا تەوقە دەکەن ئاگاداری ئەوەبن، کە دەستی ئەو لەسەر دەستی ئێوەیە یان لە ژێرەوەی دەستی ئێوە؟ ئەگەر لەپی دەستی کەسێك لەکاتی تەوقەکردندا کەوتە سەر دەستی کەسەکەی

تر ئەوا نیشانەی ئارەزوی زاڵبوون و متمانە بەخودی ئەوکەسەیە و هەروەها حەزی لە کۆنترۆڵکردنی پەیوەندیە لەلایەن کەسەکەوە. بە پێچەوانەوە ئەگەر لەپی دەستی کەسێك کەوتە ژێرەوە، نیشانەی ئەوەیە، کە ئارەزوی هەیە لەژێر کۆنترۆڵی کەسەکەدا بێت و مافی بڕیاردانی شەخسی بۆ کەسەکەی تر بەجێ بهێڵێت.

کاتێك کەسێك لە کاتی تەوقەکردندا خۆی بەرزتر لە ڕادەی ئاسایی (تا ئەندازەی ناوقەد) بەرزکردەوە نیشانەی فیزو لووت بەرزی و خۆ بە گەورەزانی ئەو کەسەیە.

- تەوقەکردن پەیوەندیشی بە پیشەو کارەکانەوە هەیە.. بە نموونە زۆرێك لە وەرزشوانان لە کاتی تەوقەکردندا هێزو توانای خۆیان کۆنترۆڵ ئەکەن و دواجاریش بە هێمنی ئارامی تەوقە دەکەن. هونەرمەندە شارەزاو لێهاتووەکان، ژەنیاران و نەشتەرگەرەکانیش ئاگایان لەدەستەکانی خۆیانەو زۆر هەستیارن بەرانبەریان و هەوڵی پاراستنیان ئەدەن.

- تەوقە کردنی دیپلوماسیش تایبەتە بە سیاسەتمەدارەکان، کە ئەمەش لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ئەمریکیەکانە. ئەمجۆرە تەوقەکردنە بە تایبەت لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان لە لایەن کاندیاکان یان لە چاوپێکەوتنە فەرمیەکانی سەرۆك و وەزیرەکاندا بەدی ئەکرێت. شێوازی ئەم تەوقە کردنەش گرتنی شان یان باڵە بەدەستی چەپ و کارێکی ئاساییە. پیرۆزبایکردن و دەردو سوپاسگوزاری دوو هاوڕێی کۆن بەم شێوازە شیاوی پەسەندکردنە،



بەڵام بۆ زۆرێك لە کەسەکان لەکاتی چاوپێکەوتنی یەکەمدا، کە ئاشناییەکی تەواویان لەگەڵ یەکتریدا نییە، ئەم جۆرە تەوقەکردنە ناخۆشەو ئەم شێوازەش بەجوڵەیەکی خۆپیشاندەرانەو ڕیاکارانە لەقەڵەم ئەدەن، بەڵام هێشتا زۆرێك لە سیاسەتمەدارەکان بەم شێوازی تەوقەکردنە مامەڵە دەکەن.

- هەروەها داب و نەریتی تەوقەکردن لە وڵاتان و کەلتورە جیاوازەکانی دونیادا جیاوازە. فەرەنسیەکان هەروەکو خۆمان لەکاتی چونە دەرەوەو هاتنە ژوورەوەدا لەگەڵ یەکتری تەوقە دەکەن، بەڵام ئەڵمانیەکان تەنها جارێك پێکەوە تەوقە ئەکەن. هەندێك لە وڵاتانی ئەفریقیایی لەپاش هەرجار تەوقە کردنێك( پڵ لێدەدەن)چەقەنە لێ دەدەن، کە نیشانەی ڕەهایی و ئازادییە. خەڵکی زۆرێك لە وڵاتانیش تەوقەکردن بە باشی نازانن. ئەمریکیەکان زۆر بە توندی تەوقەدەکەن، کە ڕەنگە لە کێبڕکێ سەختە جەستەییەکانی وەکو زۆرانبازی هیندیە سورەکانەوە سەرچاوەی گرتبێ. ئاڵۆزترین تەوقەکردنیش تایبەتە بە ڕەش پێستەکانی ئەمریکاوە، کە بە شێوەی پراکتیکی چەندین کاری ئاڵۆز ئەنجام ئەدەن.

تەوقەکردن شێوەیەکی کامڵبووی پەیوەندیە نا قسەییەکانە، کە بەدرێژایی ساڵەهای ساڵ بووە بە ڕەمزێکی جیهانی لە پەیوەندییەکاندا. بە نموونە بەرزڕاگرتنی دوو هاوڕێ، کە نیشانەی چەك پێ نەبوون بووە، پاشتر گۆڕاوە بۆ دەردو پیرۆزبایکردن و ئاشتیخوازی و لە کۆنیشدا بەخێراهاتن.. ڕۆمیەکان بە ئیلهام



وەرگرتن لەم کارە دەستیان دەخستە سەرسینە. ئەوان تەنانەت لەبری تەوقە کردن باڵەکانی یەکتریان دەگرت. تەواقەکردنی ئەمرۆ بۆ بەخێرهاتن و خزمەتکردن و میوان نەوازییە.. بەرکەوتنی تەواوی دوو لەپی دەست پیشاندەری گەرموگوڕی و نیشانەی یەك ڕەنگی و یەکێتی بوونە.



# زەردەشت[1]، پێغەمبەری کورد و نهێنی سێ ووتە بە نرخەکەی !..

**بەختیار مام حەمید**



((ئەی ئاهۆرامەزدای تاك ئاواتی ئەو کەسانە بەجێ بێنە کە دەیانناسیت و دەزانیت چاکبێژو چاکبیر و چاککردارن..پێغەمبەر زەدەشت،گاتاکان هاتی ٢٨، سروودی ١٠))

خوێنەری ئازیز کاتێك بابەتێك دەخوێنیەتەوە یان هەمووی بخوێنەوەو جوان لێی ووردبەرەوە یان بە کوێرانەو لە خۆتەوە ڕەخنەی لێمەگرە [٢]..نوسین و لێکۆڵینەوە لە سەر هەر لایەنێکی دینی زەردەشتی و خودی ئەشوو زەردەشت..پێویستی بە وریایی و ئاگایی و بە ئەمانەت هەڵسوکەوتکردن هەیە..،لێرەدا نەمگەرە بێژم من لە ئاستەدام و بێ هەڵەو کەموکوڕیم،نەخێر بە پێچەوانەوە ڕەنگە تاکە کەس کە هەڵە بکات (من،ئەز) بم!،لە ڕاستیدا ئەوەی کە هەڵە و کەموکوڕیی نیە تەنها خودای تاك و بێهاوتایە..هەر بۆیە من زۆر خۆشحاڵ دەبم ئەگەر ڕەخنە بکرێم [٣] لە پێناو پێشخستنی بابەتی نوسراو (ئیتر دین،نەتەوە،سیاسەت،کۆمەڵایەتی،یان دەروونناسییە) تەنها با (بە ویژدانەوە بنووسین و ڕەخنە بگرین و بەرسڤ بدەینەوەو ئەمانەت بپارێزین!)..ئێستاش دێینە سەر باسەکە واتە سێ ووتەکەی ئەشوو زەردەشت کە ئەوانیش (بیری چاك،پندار نیك، ڤوهومانا..ووتەی چاك،گفتار نیك، ڤوهوختا .. کرداری چاك، کردار نیك، ڤوهوڤدرشتا [٤])،ئەم سێ ووتە لە هەر لایەکەوە تەماشای بکەیت و خوێندنەوەی بۆ بکەیت و هەڵیسەنگێنیت بە تەواوی واتای (خوداناسی، دادوەری، ژیاندۆستی، تەبایی و ئاشتی، لەتەك مەردوم باش و چاك بوون،بیریی ڕاست و پاك و دڵ ساف بوون،ڕاستگۆیی و ڕێزو چاکەپەروەری و هتد..) ە، .سەرەتا مرۆڤ پێویستە بیرو ئەندێشەو تەفەکوری چاك و پاك و ڕاست بێت و بەرە بەرە هەنگاو بنێت بۆ قۆناخی دواترو بە



کاریگەر بوونی ئەم قۆناخی یەکە [٥] واتە (بیری چاك) نیشانەیەکی ڕوونی هاتن و دەرکەوتنی قۆناخی دووەمە واتە ووتەی چاك.، (ووتەی چاك) کە قۆناخی دووەم و گەشەسەندوی مرۆڤی چاکیارە، کاتێك کە هێنرایە گۆ، خۆی لە خۆیدا سەرەتای بەرجەستەبوونی ئارمانج،خواست،بەرنامەی هەر مرۆڤێکە کە دەخوازێت ئەوەی کە لە ناخ و دڵ و مێشکیدا هەیە کە (بیری چاك)ە،پەروەردەی بکات و گەورەی بکات و پاشان سەرەتای پێشکەشکردنی ئەنجام بدات کە خستنە سەر زمان و هاوردنە گۆیە،گرنگی ئەم قۆناخی دووەمە ئەوەیە، کە ئەگەر مرۆڤ لە دڵیدا بێژێت خودا تاکەو بێنیازەو شایەنی پەرستنە،بیرێك و ناخوێژیەکی [٦] فرە باش و چاکەو قۆناخی یەکەمە، بەڵام لەمە باشتر ئەوەیە کە لە ناو خەڵکدا و بە ئاشکراو لە گشت شوێنێکدا بڵێت خودا تاکەو شایەنی پەرەستنە، بڵێت مرۆڤەکان ژن و پیاو ڕەش و سپی وەرن با پێکەوە بژین و تەباو هاوڕاو بێ ئاریشە بین و کۆتایی بە قارو ڤین بتێرین،ئەمە لە ئەنجامی پێشخستن و گەشەپێکردنی قۆناخی یەکەم واتە (بیری چاك) ئەم بەرهەمە دێتە ئاراوە،چونکە مرۆڤ بیرو نیەتی چاك نەبێت ناتوانێت ووتەی چاك بێت ئەوەتا پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) دەفەرموێت (بێگومان هەموو کردەوەیەکە بە نێتی چاك دەست پێدەکات).،(کرداری چاك) کاتێك قۆناخی یەك و دوو پێشخراو فراوان کراو چاکەو باشە لە ناخەوە گوازرایەوە بۆ سەر زمان و گۆکردن ئینجا نۆرەی قۆناخی سێ و کۆتاییە کە قۆناخی کامڵ



بوونە ئەویش (کرداری چاك)ە،لە ڕاستیدا قۆناخی دووەم گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە،وەڵێ ئەگەر قۆناخی یەکەم باش پێشنەخرێت و بە تەواوی کامڵ و پڕ نەخرێت هاتنی قۆناخی دووەم زۆر ئەستەمە، هەروەاش بۆ قۆناخی دووەم وایە تا قۆناخی دووەم کامڵ نەکرێت و چاکەو خاسە بە دروستی نەخرێتە سەر زووان و بێژە نەکرێت هاتنی قۆناخی کۆتایی و دروستبوون زۆر مەحاڵە،بۆیە قۆناخی سێیەم ئەگەر بە کامڵی پێشخرا بێت و پێگەشتبێت ئەو کاتەخزمەتێکی گەورەیە بە (دین، مرۆڤایەتی، نەتەوە، سروشت،ئازادی،ژن،پیاو،زانست،تەبایی و ئاشتی)،کەسایەتی ڕاستەقینەو دروستی ژن دەگێرێتەوە بۆ خودی ژن کە کەسایەتی ئازاد،سەروەر،بەرپرس و سەرەنجام دەسەڵاتە کە دەکاتە (ژنسالاری)، پیشەی ڕاسەقینەی مرۆڤەکان دەگێڕێتەوەو کاری لە مێژینەی مرۆڤ کە دادوەوری و پێکەوە ژیانە دیاری دەکات بە جۆرێك کەس کەس نەچەوسێنرێتەوە،ئازادیی تەواو بۆ مرۆڤ فەراهەم دەکات تا ئەو جێگەیەی پێت دەڵێت (تۆ ئازادیت تا ئازادی مرۆڤێکی تر پێشێل نەکەیت کە کردت ئازاد نیت!)چونکە (کرداری چاك) لە هەر بوارێك و لە هەر کات و سەردەمێکدا بێت خزمەت و ڕاژەیەکی فرە گەورەیە..بە گەشتنی مرۆڤەکان بە قۆناخی کۆتایی و کامڵ بوون و بەرجەستەکردنی کرداری چاك و پێشخستنی ئەو چەمکە گرنگە مایەی ئاوابوونی کۆمەڵگایەکی فرە ئاسودەو بەرهەم هاتنی ژیانێکی بێئاریشەیە ..لە دیندا کرداری باش داواکراوی خوای گەورەیە و



مایەی ڕەزامەندی یەزدانە،لە سروشت لە تەك مرۆڤەکان لەتەك غەیرە دینەکان و لەتەك هەر کەسێك و بۆ هەر مەبەستێك کرداری باش هەر باشەو واتەی کارکردنە لە سەر ڕاڕەوێکی دروست و بەجێ، کەسێك بە ناو یان بە سیفەتی دژبەری ئەم (کرداری باش)ە،بوونی نیە مەگەر تەنها پێچەوانەکەی واتە کەسی خراپدۆست و پیسەکارو دژە کۆمەڵگا..ئەم سێ ووتراوەی پێغەمبەر زەردەشت پێویستیی هەر سەردەمێکن بۆ ژیان و مرۆڤ و هەڵسوکەوت و پێکەوەژیان و جێبەجێکردنیان دڵنیایی سەبارەت دین و ژین دەبەخشێتە مرۆڤ..ئەگەر سەرنج بدەین دینەکانی (ئیسلام، ئیبراهیمی، ئێزەدی، یارسان، کۆنفۆشیۆسی، یەهودی، مەسیحی، میترایی،بوزایی و هتد.. [٧]) هەمان شت و داواکراوی دینی زەردەشتییان ووتوەو پێیا باش بووە،چونکە لە ڕاستیدا خوای پەروەردگار هەموو دینەکانی بۆ چەند مەبەستێکی ڕوون ناردوە لەوانە (یەکخواناسی،کاری چاکە،ڕاستگۆیی،ئاشتی و پێکەوەژیان، زانستخوازی،ئازادی و یەکسانی،ڕێز لەیەك گرتن و هاوکاری یەککردن،)۔ هیچ پێغەمبەرێك بانگەوازی بۆ دووخواپەرستی نەکردوە،ئەگەر کەسێك بە ناوی پێغەمبەرەوە ئەو جۆرە بانگەوازەی کردبێت ئەوە پێغەمبەر نەبووەو ناتوانرێت ببوترێت پێغەمبەرێك دووخواناس بووە!۔،هیچ پێغەمبەرێك زوڵم [٨] و ستەم و زۆرداریی نەکردوەو قبوڵیشی نەکردوە ئەگەر کەسێك بە ناوی پێغەمبەرەوە ئەمەی کردبێت لە ڕاستیدا ئەوە پێغەمبەر نەبووەو تەنها ئیدیعای پێغەمبەرایەتی

کردوه..،(بیری چاك،ووتەی چاك،کرداری چاك) ی پێغەمبەر زەردەشتی کوردان،هەموو بوارەکانی ژیان و هەموو مرۆڤێك و هەموو گەلان دەگرێتەوەو جێبەجێکردنیشی دنیایەك لە ئاسودەیی بەرهەم دێنێت،لێرەدا دەبینین ئەشوو زەردەشت لە ژێر فەرمانی خوای تاکدا [٩] بە سێ قۆناخ و هەناگاو (بیر،ووتە،کردار) دا چاکەو باشە ڕەت دەکات و مرۆڤی (نەوەکام) بەم سێ قۆناخە (کام) دەکات و لە شۆڕشێکی تاکەسییەوە شۆڕشێکی گەورەی مرۆڤایەتی بە ئاراستەی چاکەخوازی و ئاشتیخوازیدا بەرپا دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگەژە دروستکراوەکانی دین و ژین و مرۆڤ و ئازادی،گەورەترین و گرنگترین چەکی ئەم شۆڕشە بۆ هێرش لە دژی شەیتان و شەڕەنەگێیی و ئالۆزییەکان و هەروەها بۆ خۆپاراستن لە هێرشی ئەهریمەن و ئالۆزیەکان تەنها (خۆڕاگریی و ئیرادەی خودی مرۆڤ)ە، وە ڕیزبەندیی ئەم قۆناخانە بە جۆرێکە هەر قۆناخەو تەواوکاری ئەوی دیکەیەو بێ یەکیش کامڵ و تەواو نابن..لە کۆندا باوباپیران و پێشینانمان گووتویانە (بکە یەك، دڵ و دەست و زووانت،هەر ئەوە دەدورییەوە کە ڕووانت ) من پێم وایە ئەم پەندە کۆنەی کورد لە پێشدا لە بیرەکانی پێغەمبەر زەردەشتەوە وەرگیراوە و کراوەتە پەند بۆ نەوەکانی ئێستامان..لە کۆتایدا دەبێژم هەزاران سەلامی خوای گەورە بۆ گیانی پاکی پێغەمبەری کورد زەردەشت و تەواوی پەیامبەرانی خودا..

بۆ زانیاری پتڕو ووردەکاری ڕوونتر بڕوانە ئەم سەرچاوانە..



خوێنەری دەلال زۆر سەرچاوەو ژێدەر هەن لەسەر زەردەشت و دینی زەردەشت و پەیامی زەردەشت،وەلێ لێرەدا تەنها چەند دانەیەکیان وەبەر چاو دەخەم بە هیوای وەدەست خستن و سودئاوەرییان،بەدواداچون و خوێندنەوەی ئەم سەرچاوانە تا ڕادەیەك ڕوون بەخش و ئاشکراکارە،ئەمەش سەرچاوەکان..

١-پەرتوکی (ئاوێستا،ن جەلال ئەمین بەگ،چ یەکەم ١٩٩٩،ل ٦٠-٦١)

٢-پەرتوکی (افستا الكتاب المقدس للديانة الزرادشتية،اعداد د.خليل عبدالرحمن،ط الاولى ٢٠٠٧،ص ٦٧٠)

٣-پەرتوکی (ژوانی یەسنا، هەنگاوێك بۆ دۆزینەوەی بەشێك لە جوگرافیای ونبووی ئاڤێستا،ن و شرۆڤەی جەلیل عەباسی،ب یەکەم، چ یەکەم ٢٠٠٨،ل ٤٤-٤٧)

٤-پەرتوکی (زەردەشت و زەردەشتیەکان،ن د.شەفیع ماحی ئەحمەد،و محەمەد حەسەن سەرگەینێڵی،چ یەکەم ١٤٣٠-٢٠٠٩،ل ٤٢-٧٧)

٥-پەرتوکی (تاريخ الزرادشتية،من بداياتها حتى القرن العشرين،ك ماری بویس،ت ت د.خليل عبدالرحمن،ط الاولى ٢٠١٠،ص ٣٠-٣١)

٦-پەرتوکی (زەردەشت هیوای ڕزگاری،دروێنەکردنی بابا سەقزی،چ ٢٠٠٦،ل ٢٥١-٣١٢)

٧-پەرتوکی (چیرۆکی ئاینەکان، ن سلێمان مەزهەر،و لوقمان حاجی قادر،چ یەکەم ٢٠٠٨،ل٣١٧-٣١٨)

٨-پەرتوکی (زەرتەشت،عبداللە قەرەداغی (مەلا عەلی)،چ دووەم



٢٠٠٧،ل ١١٥-١١٨)

٩-پەرتوکی (پەیامی هەورامان،ن هادی ڕەشید بەهمەنی،چ دووەم ٢٧٠٣-٢٠٠٣،ل ٣٤٣-٣٤٥)

## پەرگۆیی (پەراوێزەکان)

١-بۆ زانیاری و شارەزایت لەسەر پێغەمبەرایەتی زەردەشت و کوردیەتی زەردەشت و واتای ناوی زەردەشت بڕوانە گۆڤای قەندیل ژ.٣،ل٢٩-٣٤،بابەتی ئەشوو زەدەشت،چەند بۆچوون و شرۆڤە(زەند) ێك،لەسەر واتاو مانای ناوی پێغەمبەری کورد ،س.خ،) ئامادەکردنی بەختیار مام حەمید..،

٢-بە داخەوە زۆر خوێنەرمان هەیە تەنها بە خوێندنەوەی مانشێت یان چەن دێڕێك لە بابەتێك دەست بەجێو کوێرانە بڕیار دەدات و خەتێکی ڕاست و چەپ دێنێت بەسەر ئەو بابەتەدا ئەمەش کارێکی زۆر ترسناکە بۆ خوێنەری کورد..پێویستە ئەو بابەتە یان ئەو پەرتوکە یان هەر نوسراوێك کە نوسراوە بە جوانی بخوێندرێتەوەو پاشان وەڵام بدرێتەوەو بڕیاری لەسەر بدرێت..،

٣-مرۆڤ ئەگەر لەسەر هەر کارێك ئیتر نووسین یان هەر شتێکی دیکە بە شێوەیەکی ڕێك و پێك ڕەخنە بکرێت،ئەو ڕەخنە هۆکارێکە بۆ بەسەرخۆهاتنەوەو وریابوونەو خۆ ڕێککردنەوە.وە هۆکارێکە بۆ دووبارە نەکردنەوەی ئەو هەڵانەی کە کردوونی..،

٤-لێرەدا بۆ پتر بەرچاو ڕوونی خوێنەر سێ ووتراوە بە



ناوبانگەکەم بە زمانی (ئاڤێستا،کوردی ئێستا،فارسی) هێناوە،هەر چەندە شێوازی دەربڕینیان بە کوردی ئێستاو فارسی جۆری دیکەشی هەیە، بەڵام ئەم دوو شێوازە دەربڕینە باوترینیانن..،

٥-ئەم سێ ووتراوەی پێغەمبەر زەردەشت دەکرێت بکرێنە سێ قۆناخ ئەوانیش (بیری چاك قۆناخی یەکەم،ووتەی چاك قۆناخی دووەم،کرداری چاك قۆناخی سێیەم و کامڵ بوون)..،

٦-ووشەی ناخوێژ،ووشەیەکی کوردی ڕەسەنەو واتە ئەوەی لە ناخدایە بووترێت..،

٧-بە پێی دەقی قورئانی پیرۆز پێغەمبەر ئیبراهیم (س.خ) جگە لەوەی پەیامبەرێکی بەڕێز بوو لای خوای مەزن هەروەها دینێکی گەورەشی هەبوو وە پەرتوکی بۆ ڕەوانە کرابوو بە ناوی (مەصحەف) ،ئێزەدی و یارسان دوو دینی کۆنی گەلی کوردن،کۆنفۆشیۆسی دینی چینیاکانە و دامەزرێنەرەکەی مامۆستا کۆنگ یان کۆنفۆشیۆسە(٥٥١-٤٧٠ پ.ز)، میترائی دینی کۆنی ئێرانیەکانە..

٨-پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) دەفەمویێت خوای گەورە زوڵم و ستەمی لەسەر خۆی حەرام کردوە،بێگومان بۆ هەموو مرۆڤەکانیش حەرامە..،

٩-ناوی خوای گەورە لە دینی مەزدیەسنایی یان زەردەشتیدا (ئاهوورامەزدایە) واتە ڕووناکی گەورەو مەزن..،

# فایق و سەتەلایت

مەلا تەحسین گەرمیانی



فایقی هەمیشە قسە خۆش و قسە لە دەم دەرچوی سەر سوڕهێنەر پێویست بەوە دەکات کە هەمیشە وابکەین نەهێڵێن ئەو قسانە هەروا بڕوات و هیچی لە بارەیەوە نەوترێت یان بە هەند وەرنەگیرێ ، بەڵکو من دەمەوێ ئەو ئەرکە بخەمە ئەستۆی خۆم و خەمێکی کۆکردنەوەی قسەکانی بدەم کە هەرجارەو لە ژمارەیەکی گۆڤاری گیرفان بلاوی بکەمەوە (فایق و سەتەلایت) یەك لە قسەکانی تری فایقە کە لە بارەی کۆمەڵگەی کوردی و ئاینەوە کردویەتی کە دەڵێ (ئەوەندەی خەڵکی سەحنی سەتەلایتەکانیان کە روی لە



قیبلە کردووە بە راستی روو لە خوا بکەن ئێستا وەزعێکی ترمان دەبوو )



دیارە فایق بەم قسەیەی دەیەوێ خۆی لە ناخی تاکی کورد بدات بەوەی کە راستی و دروستی خودا پەرستی تەنها رووکردنە قیبلە نییە بە وێنە سەتەلایتەکانی سەربانان کە هەر ماڵێك چەند دانەیەکی بە بەردەوامی رووی لە قیبلەیە ، یان بە دیوێکی تردا فایق پێمان دەڵێ ئەگەر ئاین وەك بنەمایەکی ئاکاری و ویژدانی و راستگۆیی لای تاکەکان نەبێتە بنەمای ژیان روو لە قیبلە کردن چ لە هاوکێشەکانی ژیان دەگۆڕێ ، بۆیە لەم قسەی فایق لێرەوە بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگە گومان دێنێتە گۆڕێ کە ئایە مرۆڤی راستگۆ بە چ پێوەرێك پێوانەی بۆ بکرێت کە ئایە راستگۆیە ؟ یان پێمان دەڵێ ئەگەر مرۆڤێك لە بەرانبەر خوای خۆی راستگۆ نەبوو ئەی دەبێ بەرانبەر خەڵك چۆن راستگۆ بێت .بۆیە روویەکی تری ئەم قسەیە ئەوەیە کەسانی راستگۆو بە ویژدان ئاین و نوێژ نابنە پێوەرچونکە ئەوە نییە فایق پێیان دەڵێ ئەوەی دەچێتە سەر بەرماڵ و روو لە



قیبلە دەکات ئەو کەسە پێویستی بە راستگۆیی هەیە یەکەم بەرانبەر بە خواو دواتر ئەو راستگۆیە رەنگ بداتەوە بۆ بەرانبەر مرۆڤەکان ، ئەم گومانەی فایقش هیچی کەمتر نیە لە و گومانە فەلسەفیانەی کە هەیە لە بەرانبەر هەر حاڵەتێکی ئاینی و رۆحی کە تاك پەیڕەوی لێدەکات و دواتر کاریگەری و رەنگدانەوەی خۆی نابێ لە سەر کۆی ژیانی ئەو کەسە . بۆیە لای فایق گرنگی راستی و دروستی و کاریگەری ئاینی زۆر بە گرنگ دەزانێ و بۆیە بە هەر تاکێك دەڵێ گەر نوێژگەری راستەقینەی و روو لە قیبلە دەکەی چیتر بێ ویژدان مەبە چیتر بۆ شتێکی کاتی بەرانبەر کەسانی تر ناراستی مەکە ئەگەریش ناتوانی زاڵ بی بەسەر ئەمانەدا ئەوا بۆ روو لە قیبلە دەکەی ؟ یان بە واتایەکی تر پێمان دەڵێ شەرت نییە هەموو شتە باشەکان لە کەسانی پەیڕەوانی ئاینی ببینینەوەو کەسانێکیش هەیە بە دەر لە ئەنجام دانی هەر کارێکی ئاینی پابەندە بە کەسێ تییەکی دەرون پاك و راست گۆ ، یان بە دیوێکی تردا پێمان دەڵێ نوێژ مەکەنە دەمامگ بۆ ئەوەی خۆڵ بکەنە چاو بەرانبەرەکانتان و لە گەڵ ئەوەشدا بە خەڵکیش دەڵێ وریابن مرۆڤەکان وەك خۆیان بناسن کە هەیە نەك وەك ئەوەی کە دەیکات .



# کۆنترین قەزای عێراق
# بەرەو چۆڵ بوون دەچێت

## لەکەمتر لە دوو ساڵدا زیاتر لە ٢٠٠ خێزان لەشارەکەدا کۆچیان کردووە

راپۆرت: سامان کەریم

موستەفا نەریمان-ی ئەدیبی کۆچکردوو لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە پێش زیاتر لە ١٥٠ ساڵی لەمەوبەر دەیان خێزان لە سلێمانی و کەرکوك و موسڵ و چەند ناوچەیەکی تریشەوە ڕوویان لە کفری کردووە بۆ نیشتەجێ بوون، بگرە ساڵی ١٨٥٠ لقێکی بنەماڵەی بابانەکان لە سلێمانی کۆچیان کردوە و هاتوون لە سلێمانی نیشتەجێ بوون، هەروەها بنەماڵەی سەیدەکانی بەرزنجەش بەشێکیان هاتووە بۆ کفری، لەناو قەرەداغییەکانیشدا مەلا حەسەنی قەرەداغی ساڵانی ١٣٠٠-١٣١٠ موفتی شار بووە. ئێستاشی پێوە بێت شوێنەواری بابان و سەیدانی بەرزنجە هەر لە کۆشك و تەلار و کاروانسەرا لە شارەکەدا بە پێوە ماوەتەوە.

دوای زیاتر لە سەدە و نیوێك، ئێستا بەپێی ئامارێك لە ماوەی ٩ مانگی رابردوودا نزیکەی (١٠٠) خێزانی دانیشتوی شاری کفری



بەرەو شار و ناوچەکانی تر کۆچیان کردووە و واقیعەکەیان پێچەوانە کردوەتەوە!. ساڵی پاریش زیاتر لە ١٣٠ ماڵ بنەو بارگەیان پێچایەوە و کفریان بەجێ هێشت.

دیاردەی ماڵ گواستنەوە لە کفرییەوە بۆ شارەکانی تر، زووتر سەری هەڵداوە، بەڵام لەم یەک دوو ساڵەی دوایدا تەشەنەی کردوە و فراوانتر بوەتەوە، ئەگەر بەری پێ نەگیرێت، هیچ دوور نییە کفری چۆڵ بکرێت!.

## کۆچ بۆ کوێ؟

بەپێی ئەو ئامار و زانیارییانەی لە سەرچاوە فەرمییەکانی دەوڵەتەوە بەردەستی (گۆڤاری گیرفان) کەوتوون ئەوانەی کۆچ ئەکەن زیاتر لە توێژی مامۆستا و فەرمانبەرانن، هۆکاری زاڵیش لەپشتی ئەوەوە ئەوەیە : ئەو توێژە خاوەنی سەرچاوەیەکی داهاتی جێگیرن،



کە بریتییە لە موچەی سەرمانگانە، بۆیە لە کفری یان هەر شوێنێکی تر بن، هەر ئەو موچەیە وەردەگرن و نە زیاد و نەکەمی نییە.

هەر ئەو زانیارییانە پێمان دەڵێن: ئەو خێزانانەی لە کفرییەوە کۆچ ئەکەن، بەرەو شارەکانی هەولێر و سلێمانی و بەشێکیشیان بۆ کەلار ئەچن. بەڵام بەشی شێری بەر هەولێر کەوتووە، ئەوەش هۆکاری تایبەتی لە پشتەوەیە و خەڵکی چاوی لە خۆشگوزەرانی رۆژانە و باش بەڕێ کردنی کاتەکانی رۆژە. تاک و تەرا لەو ماڵانە، بۆ ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەگوێزنەوە، ئەوەش ئەوانەن کە بە پێشتر بە هۆیەکی تایبەت ڕوویان لە کفری کردووە بۆ نیشتەجێ بوون و ئێستا کاریان پێ نەماوە و هەواریان ئەگوێزنەوە.

## هۆکارەکانی ئەودیوی دیاردەکە

یەکێك لەو سەرۆك خێزانانەی ساڵی پار لە کفرییەوە بۆ هەولێر کۆچی کرد و بەمەبەستی بەسەربردنی رۆژانی جەژن لەناو کەسوکار و خزم و خوێشیدا گەڕابوەوە، پێی وتم:"لە کفری هۆیەکانی خۆشگوزەرانی کەمە، یاخود هەر نییە. ئەوە وا ئەکات ژیانی تیادا قورس بێتەوە، چونکە باش بوونی بژێوی ژیانی تاکەکان، وائەخوازێت بەدوای خۆشگوزەرانیشدا بگەڕێن. ئەگەر پێشتر خەڵکی خەمی نانی هەبوو و بیر لە پارك و شاری یاری و گەشتکردن نەدەکردەوە، ئێستا دۆخەکە گۆڕاوە و پێچەوانەیە".



یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی کۆچی ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتوانی شاری کفری بۆ شارەکانی تر، ئەگەڕێتەوە بۆ داتەپینی باری ئابووری و نەبوونی هەلی کار و داخراویی جوگرافیی شارەکە.

ئێستای کفری خاوەنی کارگەی بەرهەمهێن نییە، ئێستای کفری ڕێگای سەرەکی هاتوچۆی بەسەرەوە نییە، ئێستای کفری بازاڕی گەورە و شوێنکاری فراوانی تیادا نییە.. ئەوانە باری ئابوری شارەکە پەراوێزتر ئەکەن.

نەبوون و کەمی خزمەتگوزارییە هەمەچەشنەکان بەشێکی تری هۆکارەکانی پشتی کۆچکردنی خەڵکەکە دەرئەخەن. هەر لە خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە نمونەی باخ و باخچە و پارك و شاری یاری و هەروەها خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و ئەوانی تریش..

## چارەسەر لای کێیە؟

هەموو ئاماژەکان بەو ئاراستەیەن کە چارەسەری ئەو کۆچ و ڕەوەی رووی لەو شارە و لەو کۆنترین قەزایەی ئەم وڵاتە کردووە، کە چارەسەری بنەڕەتی لەلایەن حکومەتە، چونکە هەر خودی حکومەتیش لەپشتی سەرهەڵدانی دیاردەکە و خوڵقاندنی هۆکارەکانی ماڵ بارکردنە لە کفری..

ئێستای کفری پێویستی بە ئەنجامدانی دەیان پرۆژەی ستراتیژیی خزمەتگوزارییە کە بارە لارەکەی راست بکاتەوە، بەتایبەت حکومەت ئەتوانێت هانی سەرمایەداران و وەبەرهێنەرەکان بدات و هەلیان



برەخسێنێت و زەمینەیان بۆ لەبار بکات، کە سەرمایەکانیان لە قەزاکەدا وەگەڕ بخەن و پرۆژەی گەورەی وەبەرهێنانی تیادا ئەنجام بدەن، کە ڕۆڵی هەبێت لە زیندووکردنەوەی باری ئابوری شارەکەدا.

ئەوەی گرنگە حکومەت لەکفریدا دەستی بداتێ: دروستکردنەوەی ڕێگای سەرەکی کفری-سلێمانییە کە راستەوخۆ کفری و دەوروبەری بە سلێمانییەوە دەبەستێتەوە و شارەکە لە کەنارکەوتوویی ئێستای دەرباز دەکات. بەپێی زانیارییەکان ئەو پرۆژەیە بودجەی پێویستی بۆ تەرخانکراوە، بەڵام کەس نازانێت بۆ ڕاگیراوە!!.

بەگەڕخستنەوەی کارگەی رستن و چنینی کفری و دامەزراندنی کارگەیەکی تری تەواوکاری بۆ بەرهەمهێنانی بەتانی، پرۆژەیەکی ئابوری و بەرهەمهێنەری ترە کە لە زیندووکردنەوەی شارەکەدا ڕۆڵی دەبێت.

کردنەوەی چەند کۆلێژێکی وەك: ئەندازیاری کانەکان کە بڕیاریشی بۆ وەرگیراوە و کۆلیژی بنەڕەتی، جموجۆڵێکی زیاتر بە شارەکە دەبەخشێت و سەودایەکی باشتر ئەخاتە ناو بازاڕەکەیەوە.

دروستکردنی شاری یاری و پارکێکی نمونەیی و گرنگی زیاتریش بە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی ناو گەڕەك و شوێنە گشتییەکان، تێکڕا دەبنە بەشێك لە هەستانەوەی کفری لەو دۆخەی ئێستای، کە تەنانەت دانیشتوانە رەسەنەکەیشی پشتیان تێکرد و ڕۆیشتن!.





چنار بۆ گۆڤاری گیرفان:

# بەهۆی عەشقەوە دەتوانم لە هونەر بەردەوام بم

**دیداری: گەشبیر ئەحمەد**

پێش ئەوەی من پرسیاری سەبارەت بەخۆی و هونەرەکەی لێبکەم، ئەو دەستپێشخەری کرد و سەبارەت بەناوی گۆڤارەکەمان پرسی: بۆچی ناوتان ناوە گیرفان؟ راستییەکەی پرسیارێکی سەیر و چاوەڕواننەکراو نەبوو، بۆیە بەسادەیی بۆم وەڵامم دایەوە و پێموت: لەبەرئەوەی قەبارەکەی بچوکە و لەگیرفاندا هەڵدەگیرێت و لە هەرشوێنێکدا بتەوێت دەریدێنی ودەیخوێنیتەوە. دواتر، لەنێو فرۆکەکەدا ئەم کورتە دیدارەمان سازکرد.

**چۆن لە منداڵی خۆت دەڕوانی؟**

چنار: منداڵی من بەچەند وێستگەیەکی جیاوازدا تێپەڕی، شادی و





خۆشی دەوری دابوون. کۆمەڵێ هاوڕێی زۆر باشم هەبوون بە خەت خەتێن و ماڵە باجێنە و چاوشارکێ زۆربەی کاتەکانمان گوزەری



دەکرد لە گەڕەکی چوارباخ لە سلێمانی.

**چۆن خولیای هونەر بوویت و دەستت پێکرد؟**

چنار: سەرەتای دەستپێکردنی هونەریم دەتوانم بڵێم پەیوەست بوو بە منداڵیم و دواتریش قوتابخانەوە، گۆرانی ووتن ڕووبەرێکی فراوانی داگیرکردبوو لە ژیانم، زۆربەی کات مامۆستاکانم و هاوڕێکانم داوایان لێدەکردم کە گۆرانی بڵێم کە زۆر منی دڵخۆش دەکرد. هەروەها هانیان دەدام کە هونەری گۆرانی ووتم لا خۆشەویستر بێت.

**یەکەم کاری هونەریت چی بوو؟**

چنار: لە ساڵی ٢٠٠٤ گۆرانی (تەلاری عەشق) بوو بە بناغەیەکی تەلاری هونەری من کە لە ئاوازی هونەرمەنی خۆشەویست (کەمال محەمەد) و هۆنراوەی شاعیری هەست ناسك كاك (ئەحمەد محەمەد) کە زۆر سوپاسی ئەکەم بە گەرمی و هەروەها هونەرمەند ( هەڵۆ قادر) میوزیك و دابەش کردنی لە ئەستۆ گرت. کە توانیم ناوبانگێکی باشی پێ دروست بکەم.

**هۆکاری سەفەرەکەت هەر هونەر بوو یان بۆ کاری تاییەت بوو؟**

چنار: لەسەر بانگهێشتی کۆمپانیای نالیا گەڕامەوە بۆ کوردستان بۆ ئەنجامدانی کۆنسێرتێکی تایبەت بەهۆی کردنەوەی چاڤی مۆڵ و هەروەها بەنیازین لە داهاتوویەکی نزیکیشدا جارێکی تر بگەڕێمەوە بۆ ئەو مەبەستە.

## ئێستای هونەری کوردی چۆن دەبینیت؟

چنار: بەبڕوای من ئێستا هونەری کوردی لە ئاستێکی باشدایە هەرچەندە کاری زۆر خراپیش کراوە بەجۆرێك کە بۆتە هۆی شێواندی هونەری کوردی، هەروەها بۆتە بابەتێکی گرینگ و میدیا و ڕۆژنامەکان گرینگی پێدەدەن. بەڵام ناکرێت ئەو هەمووە کارە باشەی کە کراوە فەرامۆش بکەین کە ئەرك و ماندووبونی زۆر هونەرمەندی دڵسۆزی لە پشتە.

## سەبارەت بە ژنان یان خانمە هونەرمەندەکان چی دەڵێیت؟

چنار: لەڕاسیدا کۆمەڵێك هونەرمەندی ژنمان هەیە کە هەمیشە جێگای ڕێزن بۆ گەلەکەمان، چونکە ئەوانە لە سەردەمێکدا هاتنە نێو دونیای هونەری گۆرانی کە زۆربەی شتەکان قەدەغە بوو لەو ڕۆژگارانەدا، بۆ نموونە ئایشێ شان و نەوبەهار و مەرزیە فەریقی.

## چۆن گوزارشت لە عەشق دەکەیت؟

من هەر کارێکم ئەنجام دابێت لەو بڕوایەدابووم کە عەشقێکم بۆی هەبووە و هونەر بۆخۆی پارچەیەکە لە عەشق، ئیدی ئەگەر ئەو عەشقە نەبێت من ناتوانم گۆرانی بڵێم.



# پیرۆزبایی..پیرۆزبایی..پیرۆزبایی..




ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی (٧/٩/٢٠١٠) کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی گفتوگۆی تێزی دکتۆرای خوێندکار (ئومێد بەرزان برزو) بەناونیشانی (مۆرفۆسینتاکس‌و دروستەکانی لەشێوەزاری خانەقیدا) لەهۆڵی ڕووناکی ـ زانکۆی سلێمانی تاوتوێکرا، لیژنەی هەڵسەنگاندن لەم بەڕێزانەی خوارەوە پێکهاتبوو:

١- پ.د. یوسف شەریف سەعید—زانکۆی سەلاحەدین/ سەرۆکی لیژنە

٢- پ.ی.د. محەمەد عەبدول فتاح—زانکۆی سلێمانی / ئەندام

٣- پ.ی.د. بەکر عومەر عەلی—زانکۆی سلێمانی / ئەندام



٤- پ.ی.د. هۆگر محمود فەرەج—زانکۆی سلێمانی/ ئەندام

٥- پ.ی.د. ئەبوبەکر عومەر قادر—زانکۆی سلێمانی / ئەندام

٤- پ.ی.د.فەرەیدوون عەبدول محەمەد—زانکۆی سلێمانی / ئەندام‌و سەرپەرشت

دوای گفتوگۆکردنێکی دوورو درێژ، تێزەکە وەك خۆی‌و بەپلەی (زۆر باش) وەرگیرا.

بەناوی گۆڤاری گیرفانەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی د. ئومێد بەرزان برزو بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤارەکەمان، هیواداریین بەردەوام بێ لەخزمەتکردنی زمان‌و ئەدەبی کوردیدا.